تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5860) چوارشەممە 30ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی لیستی برایەتی: ڕێگە نادەین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هەڵبوەشێتەوە

دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممەدا پەرلەمانی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی عێراقی دەرکرد، سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، هەڕەشەی تۆمارکردنی سکالا دەکات و دەشڵێ: ڕازی نابین بڕیارەکە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بگرێتەوە و هەڵوێستمان دەبێت.

محەمەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پەرلەمان بڕیاری دەرکردووە، بڕیاریش ناتوانێت یاسا ڕەت بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسا دەتوانێت بڕیار ڕەت بکاتەوە، لە دەستوورداً هاتووە، ئەنجومەنەکان بەردەوام دەبن لە کارکردن، تەنیا سێ ڕێگە هەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی قەتەر کۆبوونەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز شێخ عەبدوڵڵا بن ناسر بن خەلیفە ئال سانی، سەرۆک وەزیرانی قەتەر، دوایین ڕووداو و پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکەی تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا لە یەکەم ڕۆژی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی گرووپی سەرەکیی کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ لە قەتەر، لە دەوحەی پایتەخت، پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/10/29 بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی قەتەر، هەروەها پەیوەندییەکانی هەولێر – بەغدا و پەیوەندییەکانی قەتەر لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دەرفەتی کار و وەبەرهێنەرانی قەتەری لە هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی مایەی بایەخی هەردوولایان باس کرد.

خەسرەو گۆران: پێویستە بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دەستوور و هەموارکردنەوەی بکرێت

وەزارەتی تەندروستی بەکارهێنانی کیسی نایلۆنی قەدەغەکرد

خەبات ـ فاتیح: بەپێی نووسراوێک کە واژووی دکتۆر سامان بەرزنجی بەسەرەوەیە و تیایدا هاتووە کە لەپێناو پاراستنی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی کیسی نایلۆن، لە هەموو سەمونخانە و نانەواخانەکان کیسی نایلۆن قەدەغەکرا و پێویستە لەمەودوا هەموو سەمونخانە و نانەواخانەکان لە بری کیسی نایلۆن کیسی کاغەز بەکار بهێنن، ئەو بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە کیسی نایلۆن زیان بە تەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنێت. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان داوا لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق دەکات، بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دەستوور و هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی 2005ی عێراق بکەن. لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە لێژنەیەک بە مەبەستی دیراسەکردنی پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێکهێندرا.

لەمبارەیەوە خەسرەو گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاندووە: هەر دەستکارییەکی دەستووری عێراق زیانی هەیە، هیچ بڕگەیەکی دەستووریش ناگۆڕدرێت ئەگەر سێ پارێزگا لە عێراقدا ڕەتی بکەنەوە. لەبارەی هەموارکردنەوەی ئەو ماددانەی دەستوور کە پەیوەندییان بە کوردەوە نییە، ئاماژەی بەوە کرد: ئەو بابەتە بۆ بڕیاری حکوومەت و پەرلەمان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەگەڕێتەوە.

تەئکیدیشی کردەوە کە پرسەکە هەستیارە بۆیە "داواکارین هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی دەستوور و هەموارکردنەوەی بکەن."

خەسرەو گۆران نەیشاردەوە کە ئەوان پشتیوانی لە حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەکەن، هاوکات پێیانوایە خەڵکی مافێکی ڕەوای خۆیانە کە داوای ئەو مافانە بکەن کە لە دەستووریش گەرەنتی کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەداین کە خۆپیشاندانەکان بە هێمنی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکوومەت بەڕێوە بچێت.



2

کۆلۆنێل مایلیس کاگنس: پێشمەرگە بەوپەڕی شکۆبەرزییەوە ڕووبەڕووی داعش بووەوە



3

بەغدا.. خۆپیشاندەران لە ناوچەی سەوز نزیکتر دەبنەوە

پێنتاگۆن: دەبێت نەوتی سووریا بە دەست هەسەدەوە بێت

K24/ ئەمەریکا ڕایگەیاند، ڕێگە نادەن سوپای سووریا و ڕووسیا دەستبگرن بەسەر ئەو کێڵگە نەوتیانەدا، کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکراتن. وەزیری بەرگری ئەمەریکا، مارک ئیسپەر، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، کە ئێوارەی ڕابردوو ئەنجامیدا، گوتی: ئەمەریکا پارێزگاری لە کێڵگە نەوتییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا دەکات. گوتیشی: ئەمەریکا لەو ناوچە ستراتیژییە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی داعش دەستی نەگاتە کێڵگە نەوتییەکان و بەوپەڕی تواناشەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە دەوەستینەوە، کە دەیانەوێت مەترسی بۆ سەر ئاسایشی سەربازەکانی ئەمەریکا لەو ناوچەیە دروست بکەن.

سەبارەت بە گەڕانەوەی سوپای سووریا و ڕووسیا بۆ ناوچەی کێڵگە نەوتییەکان، وەزیری بەرگری ئەمەریکا، گوتی: بەڵێ، ڕێگە نادەین ئەوانیش بێنە ئەو ناوچەیە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



2

ئەنجوومەنی نوێنەران بانگهێشتی عادل عەبدولمەهدی دەکات

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە ناکرێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامبدرێت تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی نوێنەران لەکاردا بێت. عادل عەبدولمەهدی پەیامێکی ئاڕاستەی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر کرد کە ڕۆژی دووشەممە داوای کردبوو سەرۆکوەزیران بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕابگەیەنێت، لە هەمان کاتدا هۆشداری داوە لەوەی ئەگەر حکوومەت بگۆڕدرێت بۆ کارببەڕێکەر بۆشایی لە دەسەڵاتدا دێتە ئاراوە. موقتەدا سەدر لە تویتێکدا داوای لە عادل عەبدولمەهدی کرد بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام بەبێ بەشداریکردنی لایە سیاسییەکانی ئێستای دەسەڵات.



7

لە نەخۆشخانە حکومییەکان چی دەگوزەرێ..؟!



6

شەقامی 120 مەتری گەیشتە قۆناغی کۆتایی

فراکسیۆنی کوردستانی لە بەغدا پێکدێت



بڕیارە لەم هەفتەیەدا فراکسیۆنە کوردەکانی پەرلەمانی عێراق لە چوارچێوەی فراکسیۆنی کوردستانیدا یەک بگرن و بەرپرسێکی پارتی دەڵێ، لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان ڕێنگدانەوەی دەبێت. بڕیارە ئەم هەفتەیە فراکسیۆنی کوردستانی لە بەغدا ڕابگەیەندرێت و بەرپرسێکی پارتیش لە بەغدا ئاشکرای کرد، پارتی پشتیوان و دەستپێشخەری ئەو پرسانەیە، کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە.

شوان محەمەد تەها، بەرپرسی لقی پێنجی پارتی لە بەغدا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێشبینی دەکرێت لەم هەفتەیەدا پرسی پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردستانی بکەوێتە بواری جێبەجێکردن و بۆ قۆناغی ئێستای عێراق کاریگەریی ئەرێنیی هەبێت. شوان محەمەد تەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەموو ئەو بابەتانەی ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، لە بەرژەوەندیی کورد تەواو دەبن، پارتییش هەموو کات پێشەنگیی کردووە بۆ ئەوەی ئەو پرسانەی لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانن، لە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان بن و دەستپێشخەریش بووە، بینیمان سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی یەکڕیز بین.

پەیوەست بە کاریگەریی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی کوردستان، بەرپرسەکەی پارتی گوتی: کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی ئەو لایەنانەی کوردستان کە بەشدارن لە پەرلەمانی عێراقدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا ڕێنگدانەوەی دەبێت. لەبەر ئەوەش، پێمان وایە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم و لایەنەکانی کوردستان بایەخی خۆی هەیە و بەرهەمیشی دەبێت. شوان محەمەد تەها دەشڵێت: ڕەوشی ئێستای عێراق بە ئاقارێکی ناسەقامگیردا دەڕوات و پێویستە کورد یەکگرتوو بێت، بۆ ئەوەی پێکەوە بە یەک هەڵوێست مامەڵە لەگەڵ ڕەوشەکەدا بکەین.

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و جێگری کۆنسوڵی ئەمەریکا کۆبوونەوە



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ئاندرۆ، جێگری کۆنسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و شاندی یاوەری کرد. بەڕێز سیوەیلی، دواپێشهاتەکان و بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و گرفت و چارەسەرەکان لە ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بۆ شاندی میوان باس کرد.

سەرەتا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەی پارتی باسی لە نیگەرانیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمبەر رووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژئاوای کوردستان و هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد و ڕایگەیاند، کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و هێرشی تورکیا بۆ سەر ئەو ناوچانە، بووە مایەی دروستبوونی رووداوێکی نائاسایی و مەترسیدار لە ناوچەکە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەرێمی کوردستان و هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر.

هەروەها باس لە پێویستی ڕاگرتنی هەموو هێرشێک کرا و ئاماژەی بە پێویستی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا کرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیالۆگ.

لە کۆتایی دیدارەکەدا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و شاندی یاوەری، پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە کرد لە بەرامبەر داعش و ڕۆڵی سەرکردایەتیی هەرێم لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر.

هەولێر.. کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی گوتەبێژ بەناوی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی

کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس: پێشمەرگە بەوپەڕی شکۆبەرزییەوە ڕووبەڕووی داعش بووەوە



گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە عێراق و سووریا، کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس ڕایگەیاند کە داعش لە عێراق و سووریا ماوە و شانەی نوستوویان هەیە.

کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە هەولێر گوتی: کاتێک داعش بەشێکی عێراق و سووریای داگیرکرد، تاوانەکانی نیشانی جیهان دا لەگەڵ دەستدرێژی بۆ سەر ئێزدییەکان. لە هەمانکاتیشدا کاتێک تیرۆریستانی داعش بەرەو کوردستان هەنگاویان نا، پێشمەرگە بەوپەڕی شکۆبەرزییەوە ڕووبەڕوویان بووەوە و ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەماهەنگییان کرد و ئێمەیش هێزی ئاسمانیمان بەکارهێنا بۆ پاڵپشتیکردنی هێزی پێشمەرگە لەسەر زەوی بەرەو مووسڵ و ڕووبەڕووی داعش بوونەوە.

گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە عێراق و سووریا، کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس گوتیشی: بەیەکەوە لەگەڵ پێشمەرگە داعشمان تێکشکاند و لە میانی شەڕی دژبە داعش، دوو هەزار پێشمەرگە شەهیدبوون و زیاتر لە 10 هەزار پێشمەرگەش بریندار بوون، گومان لەوە نییە کە ئالای ئێوە ڕەنگی سوور و سەوز لەخۆدەگرێت، سوور مانای خوێنبەخشینە و سەوزەکەش نیشانەی هیوا و ژیانە.

کۆڵۆنێل مایلیس کانگس ئاماژەی بە ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە کرد و گوتی: هاوپەیمانی بە تەئکید گیانفیدایی و شەڕکردنی هێزی پێشمەرگەی لەبیرناچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوە دەزانین کە تیرۆریستانی داعش لە سووریا و عێراق شانەی نوستوویان هەیە و خۆیان حەشاردەوە، بەڵام بینوومانە کە سەرکەوتووبی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرووپە هەیە.

گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە عێراق و سووریا، کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس گوتیشی: ئێمە وەک هاوپەیمانان هاتووین یارمەتی ئێوە بدەین لە ڕووی ئاسایش و سەقامگیری و هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە بکەین، بەردەوامیش دەبین لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە بەتایبەت لەم دواییە مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە کراوە لەبواری بەکارهێنانی چەکی تایبەت و بەهەمانشێوەش هەندێک ڕاهێنان دەربارەی تاکتیکی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوە لە لایەن مامۆستایانی کەنەدی بە هێزەکانی پێشمەرگە کراوە و بەردەوامیش دەبین.

کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس ڕاشیگەیاند کە سەدا 25ی هاوپەیمانان لە کوردستان ئۆپەراسیۆنەکان بەڕێوەدەبن کە هەریەک لە وڵاتانی فینلاند، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئەمەریکا، سوید، هۆڵەندا و چەندین وڵاتی دیکەش بەشدارن.

گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە عێراق و سووریا، کۆڵۆنێل مایلیس کاگنس دەربارەی ڕۆڵی ژنانیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان گوتی: لە بنکەی بنەسڵاوە، پێشمەرگە ئافرەتەکان مەشقێکی حەوت هەفتەیان بە سەرکەوتووی ئەنجامدا و ئەوان فێرکران چۆن چەکی پێشکەوتوو بەکاربهێنن و چۆن ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، فێری ئەوەیش کراون کە چۆن شەڕی کۆڵان بە کۆڵان بکەن و لەکاتی پێویستیشدا چۆن فریاگوزاری سەرەتایی پێشکەش بکەن، تەواوی ڕاوێژکاران سەرسامن بە تواناکانی پێشمەرگە.

ژمارەیەک پەرلەمانتاری ناوچە کوردستانییەکان یادشتێک دەدەنە پەرلەمانی کوردستان

ژمارەیەک نوێنەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گەیاندنی داواکارییەکانیان لەبارەی بەشداریکردنی ئاوارەکانی ناوچە کوردستانییەکان لە هەڵبژاردنەکان یاداشتێکیان گەیاندە پەرلەمانی کوردستان. لەو یاداشتەدا هاتووە داوا دەکەن ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە کە تێیدا هەزاران ئاوارە بێبەش لە دەنگدان دەکات و ئەمەش مەبەستێکی سیاسییە.

لە درێژەی داواکارییەکانیاندا هاتووە کە چوونەوەی ئاوارەکان بۆ پارێزگاکانی خۆیان گرفت دروست دەکات کە مانەوەیان لەو ناوچانە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک جێگەی مەترسییە. لەو یاداشتەیاندا پێشنیاز دەکەن لە هەرێمی کوردستان چەندین بنکە بکەنەوە بۆ دەنگدانی ئاوارەکان. لەم داواکارییەشیان داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن کێشەکەیان بگەیەننە پەرلەمان و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق. دەشڵێن بەهۆی ئەو بڕیارەوە هەزاران ئاوارە بە تایبەت کورد لە دەنگدان بێبەش دەبن و ئەمەش مەبەستێکی سیاسییە.

ئەنجوومەنی نوێنەران بانگهێشتی عادل عەبدولمەهدی دەکات

سەرۆکوەزیرانی عێراق وەڵامی سەدر دەداتەوە و ئامادەی دانیشتنی پەرلەمانیش نابێت



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە ناکرێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامبدرێت تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی نوێنەران لەکاردا بێت. عادل عەبدولمەهدی پەیامێکی ئاڕاستەی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر کرد کە ڕۆژی دووشەممە داوای کردبوو سەرۆکوەزیران بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕابگەیەنێت، لە هەمان کاتدا هۆشداری داوە لەوەی ئەگەر حکوومەت بگۆڕدرێت بۆ کاربەڕێکەر بۆشایی لە دەسەڵاتدا دێتە ئاراوە. موقتەدا سەدر لە تویتێکدا داوای لە عادل عەبدولمەهدی کرد بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام بەبێ بەشداریکردنی لایە سیاسییەکانی ئێستای دەسەڵات. هاوکات هەر دوێنێ پەرلەمانی عێراق دەنگیدا لەسەر بانگهێشتی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی پەرلەمان تایبەت بە گفتوگۆکردن لەسەر پرسی خۆپیشاندانەکانی وڵات و پەرلەمان بڕیاری ئەوەشی داوە کۆبوونەوەکەی بە کراوەیی بهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی عەبدولمەهدی ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبێت.

پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە ڕووداوی ڕاگەیاندووە، عادل عەبدولمەهدی وەڵامی پەرلەمانی داوەتەوە و گوتویەتی: ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نابێت. بەگوتەی بەختیار شاوەیس، عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوە کردووە بە نامەیەکی ڕوون وەڵامم داوەتەوە. ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ نامەکەی بۆ موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر کە پێی ڕاگەیاندبوو دەتوانی بە دوو ڕێگە لامبدەیت. بەختیار شاوەیس ئاماژەی بەوەشکرد، لابردنی عادل عەبدولمەهدی بۆشاییەکی سیاسی دروست دەکات، بە لاچوونی کێشەکان چارەسەر نابن، چونکە ئەو کێشانە زیاتر پەیوەندی بە نەبوونی چاکسازییەوە هەیە و کەڵەکەبووی کابینەکانی پێشووترن.

شەڕ و پێکدان لەنێوان سوپای سووریا و میلیشیا تووندڕۆکانی هاوپەیمانی تورکیا ڕوویدا

دوێنێ سێشەممە 28ی ئۆکتۆبەری 2019 شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپای سووریا و چەکدارە تووندڕۆ میلیشیاکانی سەر بە تورکیا لە دەوروبەری شارۆچکەی سەرێکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە میدیاکان ئاماژە بە کوژران و بریندارببوونی زیاتر لە 20 سەربازی سوپای سووریا دەکەن. میدیاکان ئاماژە دەکەن کە میلیشیاکانی سەر بە تورکیا هەوڵیانداوە دەستبگرن بەسەر ناوچەی ئەبوو ڕاسین و گەمارۆی چەند گوندێکی دەوروبەری سەرێکانی بدەن، بەڵام ڕووبەڕووی شەڕ بوونەتەوە، کاتێک میلیشیاکان وێستوویانە ڕێگری لە چوونی سوپای سووریا بۆ ناوچە سنووریيەکانی نێوان سووریا و تورکیا بکەن، شەڕەکە ڕوویداوە.

لە لایەکی دیکەوە میدیاکان ئاماژەیان بەوەش کردووە لە سنووری دربێسپی سەر بە قامیشلۆ ڕۆژئاوای کوردستان، سوپای تورکیا بە تۆپ و چەکی قورس هێرشی کردووە و شەش هاوواڵاتیی سڤیل و سەربازی ڕووسیا بریندار بوون. شایەنی باسە ئەمەش دوای ئەوە ڕوویداوە ژمارەیەک سەربازی ڕووسیا لە سنووری دربێسپی و لە 10 کیلۆمەتریی خاڵی سنووریی نێوان ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان بوون، سوپای تورکیا بە تۆپ هێرشی کردووە و لە ئەنجامدا شەش کەس بریندار بوون کە زۆربەیان سڤیل بوون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/10/30 ژمارە (5860)
وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

نێچیرڤان بارزانی و وەزیری دەرەوەی قەتەر دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دەوحەی پایتەختی قەتەر لەگەڵ بەڕێز محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئال سانی، وەزیری دەرەوەی قەتەر کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دوێنێ سێشەممە 2019/10/29 هەردوولا دواباین پێشهاتەکانی دۆخی ئەمنی و سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لەگەڵ دەوحە و زەمینەی لەباری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی تایبەتی قەتەری و هەوڵدان بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی قەتەر لە هەرێمی کوردستان، تاوتوێ کرد. دۆخی سووریا و لێکەوتە و کاریگەرییەکانی، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە بەرێزان بالیۆزی عێراق لە دەوحە و بالیۆزی قەتەر لە بەغدا تیایدا بەشدار بوون.

سەرۆکی لیستی برایەتی: رێگە نادەین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هەڵبوەشێتەوە



دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی رۆژی دووشەممەدا پەرلەمانی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی عێراقی دەرکرد، سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵا دەکات و دەشڵێ: رازی نابین بڕیارەکە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بگرێتەوە و هەڵوێستمان دەبێت.

محەمەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند: پەرلەمان بڕیاری دەرکردووە، بڕیارێش ناتوانێت یاسا ڕەت بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسا دەتوانێت بڕیار ڕەت بکاتەوە، لە دەستووردا هاتووە، ئەنجومەنەکان بەردەوام دەبن لە کارکردن، تەنیا سێ رێگە هەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان. سەرۆکی لیستی برایەتی دەشڵێت: یەکێک لە رێگاکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەوەیە، پێچەوانەی دەستوور بێت، رێگەی دووەم بەڵگە هەبێت ئەنجومەن لە دۆسیەی گەندەڵییەوە تێوە گلابێت، رێگای سێیەمیش ئەوەیە یەک لەسەر سێی دەوام نەکات، لەبەر ئەوەش بڕیاری پەرلەمانی عێراق ناتوانێت دەستوور ڕەت بکاتەوە، تەنها لە حاڵەتێکدا پەرلەمان دەسەڵاتی دەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان، کە دەستوور هەموار بکرێتەوە. کەمال ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە بڕیاری ژمارە 71ی سەردەمی بڕێمەر کار دەکات و یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ساڵی 2008 نایگرێتەوە. محەمەد کەمال گوتیشی: ئێمە لە هەوڵداین بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیاری پەرلەمان و لە دادگای فیدراڵی سکاڵا لەسەر پەرلەمانی عێراق تۆمار دەکەین، چونکە رازی نابین بڕیارەکە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بگرێتەوە و هەڵوێستمان دەبێت.



ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران بەربەستێکی ئەمنییان لەسەر پردی کۆماری لە بەغدا تێپەڕ کرد و لە ناوچەی سەوز زیاتر نزیک بوونەوە. ئێوارەی دوێنێ سێشەممە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵو لە شاری بەغدا ڕایگەیاند، دەیان خۆپیشاندەر توانیویانە بەربەستێکی کۆنکرێتی هێزە ئەمنییەکان لەسەر پردی کۆماری تێپەڕ بکەن، ئەو بەربەستانەش خۆپیشاندەران لە ناوچەی سەوز جیا دەکاتەوە. ئەو بەربەستەش، یەکەم بەربەستی هێزە ئەمنییەکانە لەسەر پردەکە و دوای چوڵکردنی لەلایەن ئەو هێزانەوە، خۆپیشاندەران لەبەربەستەکە تێپەڕ بوون و گەیشتوونەتە ناوەڕاستی پردەکە. ناوچەی سەوز ناوچەیەکی هەستیارە لە بەغدا و بەشی زۆری بارەگاکانی حکوومەت و پەرلەمان و بالیۆزخانەی وڵاتانی بیانی دەکەوێتە ئەو ناوچەیە و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەچڕی پاسەوانی دەکرێت. سەرەتاش هێزە ئەمنییەکان بە هەڵدانی بۆمبی گازی فرمێسکرێژ هەوڵیاندا بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکەن، دواتر پاشەکشەیان کردووە بۆ بەربەستێکی دواتر لە ناوەڕاستی پردەکە، لە دوای پردەکەش دەرگاکانی ناوچەی سەوز دێتە کە داخراون.

پردی کۆماری دەکەوێتە نێوان گۆڕەپانی تەحریر (ناوەندی چالاکی و کۆبوونەوەی خۆپیشاندەرانە) و ناوچەی سەوز (بارەگای سەرەکی حکوومەت و پەرلەمان و بالیۆزخانە بیانییەکانی لێیە).

بەرپرسێکی کوردستان مەترسییەکی هەموارکردنی دەستووری عێراق دەخاتەڕوو

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان باس لە مەترسییەکی هەموارکردنەوەی دەستوور دەکات. سیروان محەمەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، بڕیارە لە ساڵی 2020 سەرژمێریی دانیشتوانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکرێت و هەماهەنگییش لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئەو پرۆسەیە کراوە. سیروان محەمەد مەترسیی خۆی لە دواخستنی پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان نیشان دا، ئەگەر ئەو هەوڵانەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق سەر بگرن، کە بەشێک لە لایەنە عەرەبییە دژ بە کوردەکان هەوڵی بۆ دەدەن. پێشتر بەها ئەعرەجی، سەرکردەی ڕەوتی سەدر و جێگری پێشووی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندبوو، ئەگەر سێ پارێزگا هەموارکردنەوەی دەستوور ڕەت بکەنەوە، ئەوا ئەو هەموارکردنەوەیە شکست دەهێنێت، بۆیە مەحاڵە دەستوور هەموار بکرێتەوە ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی پێشوەختە نەکرێت.

دەستووری عێراق لە ساڵی 2005 لەلایەن زۆرینەی هاوواڵاتییانی عێراق و هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە و بەپێی دیباچەی دەستوورەکەش، مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەو دەستوورە. لەو دەستوورەدا، چەندین ماددە بۆ پێدانی مافە ئابووری، سیاسی و نەتەوەییەکان بە گەلی کوردستان دانراون و گرنگترینیان ماددەی 140ـە، کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوە و سەرژمێریکردن و ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بڕیار لە مانەوە لەژێر دەسەڵاتی عێراق یان لگاندنیان بە هەرێمی کوردستان، بدەن. هەرچەند حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق پابەندی ئەو دەستوورە نەبوون و مافەکانی گەلی کوردستانیان پێشێل کردووە، بەڵام شۆڤینییەکانی عێراق هەوڵی هەموارکردنەوەی ئەو دەستوورە دەدەن، بۆ ئەوەی هیچ ماددەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان نەهێڵن.

تەرەمپ کوژرانی عەبدولا قارداشی جێگرەوەی ئەبوبەکر بەغدادی ڕاگەیاند

ئێوارەی دوێنێ سێشەممە دۆنالد تەرەمپ سەرۆکی ئەمەریکا کوژرانی یەکەم جێگرەوەی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی کوژراوی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی ئاشکرا کرد، بە بێ ئەوەی ناوی بهێنێت، بەڵام بە پێی زۆربەی زانیارییەکان عەبدولا قارداش جێگرەوەی بەغدادی بووە.

دۆنالد تەرەمپ لە هەژماری خۆیدا لە (تویتەر) نووسیویەتی: هەر ئێستە پشتڕاست کراوە کە یەکەم جێگرەوەی ئەبوبەکر بەغدادی لەلایەن هێزە ئەمەریکییەکانەوە کوژرا. پێدەچوو جێگەی کەسی یەکەمی گرتباوە ئەگەر نەکوژرابا. جێی باسە دوای کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی لە ئیدلبی سووریا لەلایەن هێزێکی تایبەتی ئەمەریکاوە، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش عەبدولا قارداشی وەک جێگرەوەی بەغدادی هەڵبژارد. بە گوێرەی گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمەریکی، قارداش ساڵی 1974 لە شاری تەلەعفەر لەدایکبووە و زانستی ئیسلامی لە زانکۆی مووسڵ خوێندووە. پێش چوونی بۆ ناو ڕیزەکانی داعش، ئەفسەر بووە لە سوپای ڕژێمی سەدام حسێن ساڵی 2003 لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە لە بەسرە زیندانی کرابوو.



پێنتاگۆن: دەبێت نەوتی سووریا بە دەست هەسەدەوە بێت

K24/ ئەمەریکا ڕایگەیاند، ڕێگە نادەن سوپای سووریا و ڕووسیا دەستبگرن بەسەر ئەو کێڵگە نەوتیانەدا، کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکراتن. وەزیری بەرگری ئەمەریکا، مارک ئێسپەر، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، کە ئێوارەی ڕابردوو ئەنجامیدا، گوتی: ئەمەریکا پارێزگاری لە کێڵگە نەوتییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا دەکات. گوتیشی: ئەمەریکا لەو ناوچە ستراتیژییە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی داعش دەستی نەگاتە کێڵگە نەوتییەکان و بەوپەڕی توانەشەوە ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە دەوەستێنەوە، کە دەیانەوێت مەترسی بۆ سەر ئاسایشی سەربازەکانی ئەمەریکا لەو ناوچەیە دروست بکەن.

سەبارەت بە گەڕانەوەی سوپای سووریا و ڕووسیا بۆ ناوچەی کێڵگە نەوتییەکان، وەزیری بەرگری ئەمەریکا، گوتی: بەڵێ، ڕێگە نادەین ئەوانیش بێنە ئەو ناوچەیە. ئێسپەر، ئاشکراشیکرد، هێزەکانی سووریای دیموکرات، پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن بۆ دابینکردنی موچەی شەڕڤانەکانی و هەموو ئەوانەی کە پاسەوانی لە چەکدارە دەستگیرکراوەکانی داعش دەکەن. هەروەها گوتی: دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە، کە پێویستە هەسەدە ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەست بن بۆ ئەوەی بتوانێت هێزەکانی پڕ چەک بکات و پاسەوانی زیندانەکان بکات و یارمەتیمان بدات لە تێکشکانی داعش، هەر بۆیە ئەرکی ئێمە پاراستنی بیرە نەوتەکانە.






کەرکووک... هاوکاری بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کۆکرایەوە

ئا/خالدار قەرالی: دوێنێ سێشەممە کەمپینی ڕۆژئاوا لە کەرکووک کۆتایی هات کە لە 15ی ئەکتۆبەر لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کۆکرایەوە و سەنتەر و کەسانی چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنووس بووین. ماوەی 10 ڕۆژی خایاند بە شێوەی گەڕۆک هاوکارییەکانیان لە گەڕەکانی ئیسکان و شۆڕیجە و ڕەحیم ئاوا و پەنجاعەلی و سەرچنار و فەیلەق کۆکردەوە، سەردڕای تێکچوونی بارووددۆخی کەرکووک پاش 16 ئەکتۆبەری 2017 بەڵام هیچ ڕێگریەک لەم کەمپینە نەکرا. شایەنی باسە سروودە نیشتیمانییەکانی کوردستان بە شێوەی لایف میوزیکی لەلایەن گروپی میوزیکی (میزۆپۆتامیا) دەگوترایەوە کە پێکهاتوون لە چەند گەنجێکی شاری کەرکووک. لەگەڵ دەستپێکی کەمپین تا کۆتایی بڕێکی باش لە خۆراک کۆکرایەوە کە پێکهاتبوو لە شیر و دایبی منداڵان و زۆر جۆری خۆراک وەک برنج و ڕۆن و دۆشاوی تەماتە و ساوەر و ...هتد، لەگەڵ حەڤدە ملیۆن و سێسەد و پەنجا و دوو هەزار و پێنج سەد دیناری عێراقی، دوێنێ سێشەممەش کەلوپەلەکان لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی ڕەوانەکرا تا لەلایەن مانگی سووری کوردی ڕەوانە بکرێ بۆ ڕۆژئاوا.

ئێران داوا لە هاوواڵاتیانی دەکات گەشت بۆ عێراق ئەنجام نەدەن

بە هۆی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە چەند پارێزگایەکی عێراق بەڕێوەدەچێت، وەزارەتی دەرەوەی ئێران، هۆشداری دا بە هاوواڵاتیانی لە گەشتکردن بۆ ئەو وڵاتە. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە، داوا لە هاوواڵاتیانی ئەو وڵاتە کراوە تا ڕاگەیاندنی دووەم فەرمان، خۆیان بەدوور بگرن لە گەشتکردن بۆعێراق، ئەویش بە هۆی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە چەند شارێکدا بەڕێوەدەچێت. بە مەبەستی پرۆتێستۆکردنی بێکاری، گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتیی، عێراقییەکان لە چەند ناوچەیەکی وڵات خۆپیشاندان سازدەکەن. خۆپیشاندەران لە یەکی تشرینی یەکەمدا دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و دواتر بە هۆی ڕێورەسمەکانی ئەربەعینییەوە خۆپیشاندانەکانیان وەستاند، پاشان ڕۆژی هەینی دەستیان پێکردەوە و لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەتایبەتی بەغدای پایتەخت خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. بە پێی زانیارییەکانی کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لەو خۆپیشاندانانەی کە لە 25ی تشرینی دووەمەوە لە شارەکانی بەغدا و باشووری عێراق دەستیان پێکردووە تا ئێستا، 83 کەس کوژراون.



کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ: لە کەربەلا تەنها یەک خۆپیشاندەر کوژراوە!

کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لەو ئاماژە پاشگەزبوویەوە کە پێشتر بلاویکردبوویەوە و تیایدا ڕایگەیاندبوو ژمارەی ئەو کەسانەی کە شەوی سێشەممە لە میانی بلاوەپێکردنی مانگرتنەکانی کەربەلادا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 18کوژراو و 800بریندار و ڕایگەیاند کە تەنها یەک خۆپیشاندەر کوژراوە و 50ی دیکەش بریندارببون.

کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ ڕاگەیەندراوێکی بلاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕووداوەکەی شەوی ڕابردووی شاری کەربەلادا، کوژرانی یەک خۆپیشاندەر و بریندارببونی 50 خۆپیشاندەری دیکە و 142 کارمەندی ئەمنی لە لایەن تیمەکانیانەوە تۆمارکراوە. پێشتر ئەندامی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتبووی: زانیارییمان لە چالاکوانان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانەوە بەدەست گەیشتووە لەوەی کە لە ڕووداوەکەی شەوی ڕابردووی کەربەلادا، 18 خۆپیشاندەر کوژراون و 800 خۆپیشاندەری دیکەش بریندارببون، بەڵام تەندروستی کەربەلا باس لەوە دەکات یەک خۆپیشاندەر کوژراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هەروەها باس لەوەشکراوە کە هێزە ئەمنییەکان 140 خۆپیشاندەریان دەستگیرکردووە، بەڵام 80یان ئازادکراون و ئەوانەی دیکە دەدرێنە دادگا. کۆمیسیۆنی ناوبراو داوای لە هێزە ئەمنییەکان کردووە کە بەهیچ شێوەیەک هێز بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارنەهێنن، هەروەها ئیدانەی ئەو کەسانەشی کردووە کە هەوڵیانداوە ڕێرەوی ئاشتییانەی خۆپیشاندانەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بگۆڕن.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا، هانی سەرجەم لایەنەکان دراوە دان بەخۆیاندا بگرن و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی ئاشتییانەی خۆپیشانەکان بخەنەگەڕ. پێشتر فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی فورات ڕەتیکردبوویەوە کە لە میانی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرەکانی شاری کەربەلادا، هیچ خۆپیشاندەرێک کوژرابێت، بڵاوکراوەتەوە و تیایدا کوژرانی خۆپیشاندەران نیشان دەدرێن، بێ بنەمان و دوورن لە ڕاستییەوە. نەسیف خەتابی باسی لەوەشکرد کە ژمارەیەک کەسی تێکدەر کار دەکەن بۆ سووتاندنی شارەکە و هەروەها ژمارەیەک کەسی دیکە هێرشیانکردووەتە سەر هێزە ئەمنییەکان و فەرمانگە حکوومی و بانکەکان.

هەروەها لای خۆیەوە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی فورات ڕەتیکردبوویەوە کە لە میانی بلاوەپێکردنی مانگرتنەکانی شاری کەربەلادا، هیچ خۆپیشاندەرێک کوژرابێت، بەڵام وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاندووە کە لە خۆپیشاندانەکانی کەربەلادا، 53 مەدەنی و 90 کارمەندی ئەمنی بریندارببوون. لەلایەکی دیکەشەوە، پارێزگاری کەربەلا، نەسیف خەتابی ڕەتیکردەوە کە لە خۆپیشاندانەکانی کەربەلادا خۆپیشاندەر کوژرا بێت. نەسیف خەتابی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: هێزە ئەمنییەکان بەو پەڕی دان بەخۆگرتندا مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی شەوی ڕابردووی کەربەلادا کردووە و ژمارەیەک کەس بریندارببوون کە زۆربەیان کارمەندی ئەمنین. پارێزگاری کەربەلا، نەسیف خەتابی ئاماژەی بەوەشکرد ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە سەبارەت بە ڕووداوەکەی شەوی ڕابردوو بڵاوکراونەتەوە و تیایدا کوژرانی خۆپیشاندەران نیشان دەدرێن، بێ بنەمان و دوورن لە ڕاستییەوە. نەسیف خەتابی باسی لەوەشکرد کە ژمارەیەک کەسی تێکدەر کار دەکەن بۆ سووتاندنی شارەکە و هەروەها ژمارەیەک کەسی دیکە هێرشیانکردووەتە سەر هێزە ئەمنییەکان و فەرمانگە حکوومی و بانکەکان.

هەروەها لای خۆیەوە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی فورات ڕەتیکردبوویەوە کە لە میانی بلاوەپێکردنی مانگرتنەکانی شاری کەربەلادا، هیچ خۆپیشاندەرێک کوژرابێت، بەڵام وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاندووە کە لە خۆپیشاندانەکانی کەربەلادا، 53 مەدەنی و 90کارمەندی ئەمنی بریندارببوون.

شارەزایەک:

حکوومەت بە ئاڕاستەی باشترکردنی دۆخی ئابووری و سزادانی گەندەڵکاران کار دەکات



شارەزایەکی ئابووری دەڵێ، حکوومەتی ئێستا لە ڕێگەی تەرخانکردنی پارە بۆ باشترکردنی ژێرخانی ئابووری و دانەوەی قەرزەکانی بەڵێندەران و تەواوکردنی پڕۆژە ڕاگیراوەکان، کارێکی گرنگ دەکات و لەم کابینەیەدا هەنگاوی گەورە لە بواری ئابووری دەنێت، چونکە حکوومەت بە دوو ئاڕاستە کار دەکات، ئەوانیش بریتین لە باشترکردنی دۆخی ئابووری و سزادانی گەندەڵکاران. شارەزای ئابووری و مامۆستای زانکۆ، د. ئەرشەد تەها، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: لە ڕووی مەعنەوییەوە تەرخانکردنی 500 ملیار دینار بۆ پڕۆژەی جۆراوجۆر و دانەوەی قەرزی بەڵێندەران، هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە و سوودێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت و دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستانە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە و پێویستە حکوومەت لە ساڵانی داهاتوودا بودجەیەکی زیاتر بۆ بووژانەوەی ئابووری تەرخان بکات. د. ئەرشەد گوتیشی: زیادبوونی پڕۆژەکان وا دەکات دەرفەتی کار زیاتر بێت و کار زۆر بێت، بۆیە قۆناغ بە قۆناغ دۆخی ئابووریی هەرێم باشتر دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان دوو هەنگاوی گرنگ دەنێت، یەکەم چاکسازییە و ئەوەی دیکەش باشترکردنی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەرێمی کوردستانە، ئەمەش ئاماژەیە کە هەرێمی کوردستان بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.

حکوومەتی عێراق داواکەی موقتەدا سەدر ڕەت دەکاتەوە

حکوومەتی عێراق داواکاری سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، ڕەت دەکاتەوە. گوتەبێژی حکوومەتی عێراقی، سەعد حەدیسی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لە ئێستادا کە پەرلەمان ئامادەیی هەیە، بەپێی دەستوور ناکرێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدەیت، هەڵبژاردنی پێشوەختە لەکاتێکدا دەبێت کە پەرلەمان خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوەش لە دەسەڵاتی پەرلەمانداید نەک سەرۆکوەزیران. حەدیسی گوتیشی: لەبارەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی نوێی هەڵبژاردن، حکوومەت پێشتر بڕیاری لەسەردراوە. لێدوانەکەی گوتەبێژی حکوومەت، دوای ئەوە دێت سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر لە تویتێکدا داوای لەسەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی کرد بچێتە بەردەم پەرلەمان و داواکاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و بەبێ بەشداری کردنی لایە سیاسییەکانی ئێستای دەسەڵات بکات. لە تویتەکەی سەدردا هاتووە: پێویستە لەسەر عادل عەبدولمەهدی برا لەژێر گومەزی پەرلەمان ئامادە بێت بۆ ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنی پێشوەختە بەچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان وە لەماوەیەکی یاسایی کە درێژە نەکێشێت. ئەمەش لە کاتێکدایە وادەی هەڵبژاردنی داهاتووی وڵاتەکە دەکەوێتە ساڵی 2022 سەدر هەروەها داوای کردبوو، لەو ماوەیەدا هەموو ڕێکارێکی یاسایی بگرێتە بەر بۆ گۆڕینی کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و هەموارکردنەوەی یاساکەی.

ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا پرۆژە یاسای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانی پەسند کرد

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە میدیاکانی تورکیا بڵاو کراوەتەوە، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بە کۆی دەنگ، پرۆژە یاسای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەلایەن تورکیاوە لە 1915ی بە فەرمی پەسند کرد و ئیدی پرۆژەکە دەچێتە کۆنگرێسی ئەمەریکا. دوێنێ سێشەممە 29ی10ی2019 ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردەوە، لەسەر داوای ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لەسەر بازنەی شاری کالیفۆرنیا، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا پرۆژە یاسای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانی لەسەر دەستی سوپای تورکیای پەسند کرد. پرۆژە یاسایەکە دەچێتە ئەنجومەنی پێران و پێویستە ئەوان ڕەزامەندیی لەسەر بدەن و بە کۆی دەنگی 50 کۆ یەکی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکی پرۆژە یاسایەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەگەرچی جارێ تورکیا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو هەوڵەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا نەبوە، بەڵام وەکوو ئەوەی چەند شرۆڤەکارێکی تورکی باسی لێوە دەکەن، ئەگەر تورکیا پەشیمان نەبێتەوە لە کڕینی مووشەکی بەرگری S400 لە ڕووسیا، ئەگەر زۆرە ئەو پرۆژە یاسایە لە کۆنگرێسیش دەنگی بەڵێ وەربگرێت و ئەوکات تورکیا دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارییەتێکی گەورەوە.

لەسەر یاسای باری کەسێتی کێشە لە نێوان ئەزهەر و پەرلەمانی میسر دروست بووە



خەبات. مەریوان نەقشەبەندی:

کێشەی خێزانی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی لە وڵاتی میسر بە جۆرێک پەردیسەندووە کە مەشیەخەی ئەزهەری هێناوەتە سەرخەت و دەڵێت پرۆژەیاسایەکی زۆرباشمان ئامادەکردووە بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە و پێشکەشی پەرلەمانی میسری دەکەین، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییەی ئەزهەر ڕووبەڕووی ڕەخنە و نارەزایی زۆری پەرلەمانتارانی میسر و چالاکوانە ئافرەتەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یاساناسانی لێکەوتووەتەوە و ئەمانەی دوایی دەڵێن ئەم کارەی ئەزهەر دەستوەردانی دامەزراوەیەکی دینییە لە کاروباری پەرلەمان و بە ئایینیکردنی دامەزراوە تەشریعی و تەنفیزییەکانە کە پێچەوانەی دەستوور و یاسایە لەمبارەیەوە پەرلەمانتار ئامینە نەسیر کە ئەندامی لیژنەی ئایینییە لە پەرلەمانی میسر لە لێدوانێکی تایبەت بە بەغدادیەوە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم پرۆژەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ببێتە یاسا و ئەگەر بێتە ئاراوە ئەوا بە ئاسانی ڕەتی دەکەینەوە و ئەزهەر ناتوانێت دەستوەردانی کاروباری پەرلەمان بکات.

بە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: مەشیەخەی ئەزهەر دامەزراوەیەکی ئایینی ئیسلامییە و مافی ئەوەی نییە پرۆژە یاسا پێشکەش بکات بە پەرلەمانی میسر، بەڵکوو پێویستە ڕۆڵی ڕاوێژکاری هەبێت و پێشنیار پێشکەش بکات، بۆ ئێمەی پەرلەمانتاران لە لیژنەی ئایینی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییانەی کە لە یاسای باری کەسێتیدا هەیە لە لای خۆیانەوە زانایانی ئەزهەر دەڵێن کاتێک کێشەی گەورەی جیابوونەوە و تەڵاق ڕوو دەدات، ئەوا ئەزهەر دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکە و ڕێگری لە جیابوونەوە بکات.

تێکچوونی خێزان بگاتە حاڵەتی مەترسیدار، ئێمە ئەرکمانە هاوکار بین لە ڕێگەی شارەزایانی شەریعەتی ئیسلامەوە پرۆژەیاسا بدەینە پەرلەمان و ڕۆڵی ڕاوێژکاریش بۆ پەرلەمانی وڵاتەکەمان بگێڕین.

خاتوو عزە سلێمان کە چالاکوانێکی ناسراوی مەدەنی میسرییە لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی بی بی سی بەریتانی لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: دانانی یاسا یان گۆڕینی یاسای باری کەسێتی لەناو پەرلەمان بابەتێکە تەنیا پەیوەندی بە موسڵمانانەوە نییە و ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن بۆ هەموو میسرییەکانە، بۆیە پێویستە بە گفتوگۆی نێوان چینوتوێژ و باوەڕدارانی ئایینە جیاجیاکانی میسر بکرێت، نەک تەنها تێڕوانینی مەشیەخەی ئەزهەر گوتیشی: دەستوەردانی ئەزهەر لە یاساکانی میسر بە ئایینیکردنی دامەزراوە تەشریعییەکان گەورەکەی میسرە و نابێت ڕێگە بەمە بدرێت.



ئەمەریکا کوژرانی گوتەبێژی داعشی ڕاگەیاند

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە گوتەبێژی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، ئەبو حەسەن موهاجیر لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە پێڕێ ئەنجامدرا لە نزیک شاری جەرابلوس باکووری سووریا کوژراوە. بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکیدا بۆ میدیای ئەمەریکا، ڕوونکردنەوەی دا لەبارەی کوژرانی ئەبو حەسەن موهاجیر. بەرپرسەکە باسی لەوە کرد ئەبو حەسەن موهاجیر کە بە جێنشینی سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش ئەبو بەکر بەغدادی ناسراوە، لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە نزیک شاری جەرابلوس باکووری سووریا کوژراوە و ئۆپەراسیۆنەکەش لە لایەن سەربازانی هێزی تایبەتی ئەمەریکاوە ئەنجامدراوە.

لە کاتێکدا بەرپرسەکە وردەکاری نەخستەڕوو لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکە، تا ئێستا وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەو بارەیەوە نەخستووەتەڕوو. لە لایەکی دیکەوە، بەپێی زانیارییەکان هێزەکانی ئاسمانیی ئەمەریکا، کاتژمێر حەوت و نیوی شەوی یەکشەممە لە شارۆچکەی جەرابلوس، بە مووشەک دوو تانکەری سووتەمەنییان کردووەتە ئامانج کە لە ڕێگەدابوون. بە هۆی ئەو تەقینەوەیەی لە ئەنجامی هێرشەکە دروستبوو، سەربازانی سوپای نیشتمانیی سووریا گەیشتنە شوێنەکە و سێ تەرمیان لەنێو تانکەرەکان دەرهێنا کە دوای لێکۆڵینەوە گومان دەکرێت یەکێک لە تەرمەکان هی یەکێک لە سەرکردەکانی داعش بەناوی ئەبو حەسەن موهاجیر بێت. ئەبو حەسەن موهاجیر لەناو شوێنێکی تایبەتی یەکێک لە تانکەرەکان جێی بۆ دروستکرابوو، کە بە هۆی هێرشەکەوە سووتاوە و مردووە. ڕۆژنامەنووسی کەنەدی، گرایمی ود دوای ئەوەی لە ساڵی 2016دا کتێبەکەی بە ناوی "ڕێگای بیانییەکان: دیدار لەگەڵ داعش" بڵاوکردەوە لە ئاداری 2017دا، وتارێکی لەژێر ناوی "The American Climbing the Ranks of ISIS" بۆ گۆڤاری The Atlantic نووسی. بەپێی نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند کە پارچە ماوەکانی تەرمی ئەبوبەکر بەغدادی خراوەتە دەریاوە. سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەو زانیارییەی گرایمی ود خستوویەتییەڕوو، ئەو کەسەی بە ناوی نهێنی ئەبو حەسەن موهاجیر ناسراوە ناوی خۆی جۆن جۆرجلاسە و بە مەسیحی گەورە بووە و ماوەیەک پەیوەندی کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی ڕۆم بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغی ئامادەیی خوێندکارێکی خراپ بووە و هۆگری ماددەی هۆشبەر بووە.

جۆن جۆرجلاس دوای ماوەیەکی کەم لە هێرشەکانی 11ی ئەیلوولی 2001 لە مزگەوتێکدا ئایینی ئیسلامی هەڵبژارد و ناوی خۆی گۆڕی بۆ یەحیا. لە میانی چەند مانگێکدا ڕووی کردە دیهەشق بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی لە کاتێکدا وای نیشاندەدا کە حەزی بە تەسوفە، بەڵام ڕووی کردە تونداڕەوی، دوای دوو ساڵ لەگەڵ ئافرەتێکی بەریتانی بەناوی تانیا هاوسەرگیری کرد و لە ساڵی 2004دا لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا.

بە تاوانی دزینی کۆمپیوتەر، ئەبو حەسەن موهاجیر سزای زیندانی سێ ساڵی بەسەردا سەپێندرا و پاشان لە ساڵی 2011دا لەگەڵ خێزانەکەی ڕووی کردە میسر و لەوێ سێ ساڵ مایەوە، بەڵام بە هۆی کودەتا سەربازیەکەی تەموزی 2013 لە میسر ئەو وڵاتەی جێهێشت. پاشان دەستیکرد بە نووسینی هاوسۆزی بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و لە ساڵی 2015دا ڕووی کردە پارێزگای ڕەققە باکووری سووریا کە بەناو پایتەختی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوو، لەوێ ئەبو حەسەن موهاجیر چووە دڵی سەرکردەکانی داعشەوە و کرایە بەرپرسی بەرنامە ئینگلیزییەکانی ڕێکخراوەکە.

ئەبو حەسەن موهاجیر بە نووسین لەسەر شێوازە درندانەکان و بیرۆکەی تونڕەوی ڕێکخراوەکەی وەک پاڵپشتییەک، بەرنامەیەکی چڕی بۆ ڕێکخراوەکە بەڕێوەدەبرد. کاتێکیش سەلەفی عەدنانی کوژرا، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە کۆتایی ساڵی 2016دا ئەرکی گوتەبێژی پێ سپارد. ئەبو حەسەن موهاجیر کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، بۆ ماوەی سێ ساڵ گوتەبێژی ڕێکخراوەکە بوو.



وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا:

فشارەکانی سەر ئێران زیاد دەکرێت

وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، ستیڤن مونشین ڕایگەیاند، وڵاتەکەی فشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاد دەکات. ستیڤن مونشین، لە چوارچێوەی سەردانێکی فەرمیدا بۆ ئیسرائیل لە ڕۆژئاوای قودس لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو کۆبووەوە. لە پاش کۆبوونەوەکەدا مونشین و ناتانیاهو پریس کۆنفرانسێکی هاوبەشیان ڕێکخست. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو پیرۆزبایی لە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ کرد بەهۆی ئۆپەراسیۆنی کوشتنی سەردەستەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی.

ناتانیاهو باسی لە ئامانجەکانی ئێران کرد بۆ دروستکردنی مووشەکی ئاراستەکراو کە توانای پێکانی هەر ئامانجێکی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پلانی داناوە ئەو مووشەکانە لە سووریا و لە عێراق جێگیربکات. هاوکات نیگەرانی خۆی دەربڕی لە هەمبەر چالاکییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، داوای لە ئەمەریکا کرد کە سزای نوێ بخاتە سەر تاران. لە لای خۆیەوە وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا ستیڤن مونشین ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەرزترین ڕێژەی سزای سەپاندووە بەسەر ئێراندا و ئەو سزایانە ئەنجامی هەبوو و گوتی: بەردەوام دەبین لەسەر زیادکردنی ئەو فشارانە.

پەرلەمانی بەریتانیا هەڵبژاردنی پێشوەختەی ڕەتکردەوە



تەواوەتی بگات بە 434 دەنگ.

ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی پارتی کرێکاران و چەند پارتێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆن بەشداری دەنگدانەکەیان نەکرد. هۆکاری سەرەکی ڕەتکردنەوە و بایکۆتکردنی دەنگدانەکە لەلایەن پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە دیاری نەکردنی کاتی هەڵبژاردنەکە بوو لە پێشنیازەکەی حکوومەتدا. دوای ئەم ڕەتکردنەوەیە، پێشبینی دەکرێت سەرۆکوەزیران، بۆریس جۆنسن پێشنیازێکی دیکە تایبەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختە پێشکەشی پەرلەمان بکات کە تیایدا ڕەچاوی ناڕەزایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات.

پێشنیازی حکوومەتی بەریتانیا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە مانگی کانوونی دووەمدا، لە پەرلەماندا ئەو وڵاتەدا دەنگی پێویستی بەدەستنەهێنا. لەو دەنگدانەی کە ئەم ئیتواردیە لە ئەنجوومەنی گشتی پەرلەماندا بەڕێوەچوو، پێشنیازی حکوومەت بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، 70پەرلەمانتار بە "نەخێر" و 299 پەرلەمانتار بە "بەڵێ" دەنگیان دا. دەنگدانەکە زۆرینەی پێویستی نەهێنا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە.

بە گوێرەی یاساکانی بەریتانیا، دەرچوونی بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارانە لە کۆی 650 کورسی ئەنجوومەنی گشتی و دەبێت بە

ئەمەریکا پاشماوەی تەرمی ئەبوبەکر بەغدادی خستە دەریاوە



دەرکەوتووە پارچە ماوەکانی تەرمی سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی کە لە شاری ئیدلبی ژێر دەسەڵاتی چەتەکانی سەر بە تورکیا، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئەمەریکییەکاندا کوژرا، خراونەتە دەریاوە. دوای گواستنەوەی پارچە ماوەکانی تەرمی سەرکردەی داعش بۆ ئەمەریکا بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی DNA بۆ بنکەیەکی ئەمەریکی، لای خەڵکانێک ئەوە بووە جێی پرسیار کە داخۆ دەبێت پارچە ماوەکانی تەرمی بەغدادی چی لێبهاتبێت. بەرپرسێک لە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند کە پارچە ماوەکانی تەرمی ئەبوبەکر بەغدادی خراوەتە دەریاوە. سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمەریکا، مارک میلی لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە داخۆ جەستەی ئەبوبەکر بەغدادی خراوەتە دەریاوە، ئاماژەی بەوە دا کە پارچە ماوەکانی جەستەی بەغدادی بە ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگ لەناوبراوە.

لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزە تایبەتییەکانی ئەمەریکا کە بە هەشت هەلیکۆپتەر لە باکووری ئیدلب ئەنجامدرا تەرمی سەرکردەی داعش بە مەردوویی دۆزرایەوە. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندبوو کە دوای ئەوەی بەغدادی چووبووە یەکێک لە تونێڵە سەرداخراوەکانی ژێرزەمینی مااڵەکەی، ئێڵەگە بۆمبێژکراوەکەی بەخۆیدا تەقاندووەتەوە و بەمهۆیەشەوە بەخۆیەوە سێ منداڵی خۆیشی کە لەگەڵی دابوون، کوژران.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
چوار شەممە 2019/10/30 ژمارە (5859)
www.xebat.net
خەبات

هەڵگری مەدالیای بارزانی نەمر ئەحمەد حاجی تاتکی کۆچی دوایی کرد





خەبات ـ سەفدر ژاژۆکی

دوای ململانێیەکی زۆر پێشمەرگە و فەرماندە و کەسایەتی دەڤەری بارزان ئەحمەد حاجی تاتکی تاکی لە پیرمام کۆچی دوایی کرد، لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی فەرماندە سیهاد بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی و بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و کەسایەتی جیایەکانی و جەماوەری دەڤەری بارزان و هاوسەنگەر و کەسوکاری تەرمی خوالێخۆشبوو لە گوندی تاتکی سەر بە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی گیانفیدا ئەحمەد حاجی شێخۆمەر ناسراو بە ئەحمەد حاجی تاتکی لە ساڵی 1931 لە گوندی تاتکی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر سەر بە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، ساڵی 1932 هەر لە تەمەنی یەک ساڵی لەگەڵ خانەوادەکەی و بارزانییەکان ئاوارەی تورکیا بووە، خوالێخۆشبوو کوڕی قارەمانی ناوداری بارزانییەکان حاجی شێخۆمەر تاتکی کە بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کردووە، ساڵی 1945 ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن و لەگەڵ باروکی یەکێک لەو شۆڕشگێرانە بووە و بەشداری لە پالپشتی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە، و مخابن لە مەهاباد باوکی و چەندین خزم و کەسی بەهۆی ئەو نەخۆشیەی لە مەهاباد دووچاری بارزانییەکان هاتبوو کۆچی دواییان کردووە، خوالێخۆشبوو ساڵی 1947 لە ناو سیمی دیانا لەگەڵ پیاوە بارزانییەکان بەند دەکرێن و ماوەی 2 ساڵ لەلایەن رژێمی داگیرکاری ئەو کات لە موسل بەند دەکرێت، لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی نەمر بووە، و دوای لە بارەگای بارزانی نەمر لە دەڤەری بالەکایەتی خزمەتی کردووە و لەگەڵ فەرماندەی قارەمان حارس بێدارونی و غەزالی میرخان ژاژۆکی لە حاجی ئۆمەران بووە، هەروەها یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە سنوری حاجی ئۆمەران خزمەتی کردووە، و کەسێک بووە کە نوێنەرایەتی بارەگای بارزانی نەمر کردووە، دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت و لە شۆڕشی گوڵان و لە ڕاپەڕین ڕۆڵێکی مەردانەی هەبووە. ئەو فەرماندە ماندوونەناسە کەسێکی نزیکی شەهیدی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعود بارزانی بووە.

دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان و لە پیرمام نیشتەجێ دەبێ، لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی دەبێتە بەرپرسی کۆمەڵایەتی شێروان سەر بە دەڤەری بارزان و لە ئەرکی خۆی بەردەوام دەبێت، لەبەر لێهاتویی و دانەپرانی لە کاروانی خەبات لە ساڵی 1996 لەلایەن سەرۆک بارزانیەوە خەڵاتی پێ بەخشراوە. ماوەی چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشی ببوو، بەو هۆیەوە لە تەمەنی 89 ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

حکوومەتی پۆڵۆنیا بەشێک لە پێداویستییەکانی سەنتەری شێرپەنجەی منداڵان لە دهۆک دابین دەکات



لەلایەنEagle Watch جێبەجێ دەکرێت لە کوردستان، پێشتریش چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی بیناسازی ئەنجامدرابوون. بە پێی ڕێسا و ڕێنماییەکانی ڕێکخراوەکە هەموو پێداویستییەکانی پڕۆژەکان لە بازاڕی کوردستان دەکڕن و ئەو کرێکارانەش کە بۆ جێبەجێ کردنیان دیاریکراون هەر خەڵکی کوردستانن.

لەمیانی کۆبوونەوەی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا زیاد ڕەئوف لەگەڵ بارتۆش ڕۆتکۆڤسکی سەرۆکی ڕێکخراوی Eagle Watch زۆر سوپاسی لایەنی پۆڵۆنی کرد بۆ ئەو یارمەتییانە و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری و هەر کارئاسانییەک لە کوردستان تا گەیاندنی پێداویستییەکان بۆ نەخۆشخانەی ژین.

خەبات ـ هاوار مورتکەیی:

حکومەتی پۆڵۆنیا زیاتر لە 220 هەزار زلۆتی تەرخان کرد بۆ دابینکردنی پێشکەوتووترین ئامێرە پزیشکییەکانی پێویست بۆ سەنتەری نەخۆشییەکانی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی ژین لە دهۆک، و لە پلاندایە ئامێر و پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکە تا کۆتایی ئەمساڵ بگەنە شاری دهۆک، پڕۆژەکە لەلایەن دەزگای خێرخوازی Eagle Watch وە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی گلگامێش لە کوردستان جێبەجێدەکرێت، ئەم پڕۆژەیە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی زیاتر بایەخ دانی پۆڵۆنیا بە بارودۆخی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش پاش سەردانی شاندێکی پۆڵۆنیا بە سەرۆکایەتی وەزیری کاروباری یارمەتییە مرۆییەکان خاتوو بێئاتا کەمپا لەگەڵ هەندێک نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی هاوکاری مرۆیی بۆ کوردستان لە دیسەمبەری ساڵی2018 لەو سەردانەدا وەزیر سەردانی نەخۆشخانەی ناوبراوی کرد و بەڵێنی دابینکردنی پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکەی کرد کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی ناوبراو دەستنیشان کران. ئەمە یەکەمین پڕۆژە نییە

یاسای وەبەرهێنان هەموار دەکرێتەوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی هەموار کردنەوەی یاسای وەبەرهێنان مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی ڕاسپاردووە تا لەماوەیەکی کەمدا ڕەشنووسی هەموارى یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات، دیارە لە ساڵی 2006 پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە 4ی وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان دەرکرد. لەم بارەیەوە دکتۆر محەمەد ڕوونیکردەوە: لەسەرەتای دەرکردنی یاساکە تا ساڵی 2015 مۆڵەت دراوەتە 184 پڕۆژەی نیشتەجێ بوون کە 150 هەزار یەکەیان لەخۆ گرتووە و کۆی سەرمایەی وەگەڕخراو لەو بوارەدا 20 ملیار و 517 ملیۆن دۆلار بوو هەروەها ئاماژەی بە ئاماری ساڵەکانداو گوتی: لەماوەی ساڵانی 2006 تا ساڵی 868 - 2018پڕۆژەی وەبەرهێنان بە بڕی 50ملیار دۆلار لە هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی نیشتەجێ بوون و تەندروستی و گشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و پەروەردەیی جێبەجێ کراون. دواتر دکتۆر محەمەد گوتی: یاساکە هەموار دەکەینەوە بە تایبەت لەو ڕووەی کە پەیوەستە بە سزاکان و لە هەموار کردنەوەکەدا بەپێی سێکتەرەکان گۆڕانکاری لە مۆڵەتدا دەکرێت و بۆ ئایندە ئیتر لە کوردستان کار و پڕۆژەکان بە یاسایی و بەپێی ستاندارد ئەنجام دەدرێت.

وەزیرێ ئاڤەدانکرن و نیشتەجێگرنێ و پارێزگەرێ دهوکێ پێدڤییێن پارێزگەهێ ب ڕێک و پرا گەنگەشەکرن



دوهی سپێدێ2019/10/29 دانا عەبدولکەریم حەمە ساڵح وەزیرێ ئاڤەدانکرن و نیشتەجێکرنێ و شاندەکێ وەزارەتێ سەرا کوچکا پارێزگەها دهوک دا ژلایێ فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و ئوسمان یونس جێگرێ پارێزگەرێ بو کاروبارێن تەکنیکی پێشوازی لێ هاتە کرن.

دهڤدیتنەکێدا بەحسێ ڕەوشا ڕێک و پرا ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ و بەرنامێ وەزارەتا ئاڤادانکرنێ بو سەخبێرکرنا ڕێک و پرا ل دەڤەرێ و دووڤ چونا پرۆژێن وەزارەتێ دکەت و ئەڤە ژی نیشانا وێ یەکێ کو وەزیرێ ئاڤادانکرنێ یێ ڕژدە و دڤێت ژنێزیک دووڤ چونا پرۆژێن وەزارەتێ بکەت نەخاسمە ڕێک و بانا و سەخبێرکرنا وان هەروەسا دڤێت ئەم وەکو کارگێریا پارێزگەهێ هەماهەنگییەکا باش دگەل تیمێن وان بکەین بو وێ یەکێ هەموو پرۆژێن دەست نیشانکرێ و فەر بکەڤنە دخزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ دا.

پارێزگەرێ دهوکێ ئەو یەک ژی دیارکر کو ل ساڵێن دەربازبوێ ل دوڤ شیانا پرۆژێن ڕێک و پرا ب سەرەدانێ دیارکر و تەکەزکر کو جارا دووێ یە وەزیرێ ئاڤادانکرنێ سەرا پارێزگەها دهوکێ دکەت و دووڤ چونا پرۆژێن وەزارەتێ دکەت و ئەڤە ژی نیشانا وێ یەکێ کو وەزیرێ ئاڤادانکرنێ یێ ڕژدە و دڤێت ژنێزیک دووڤ چونا پرۆژێن وەزارەتێ بکەت نەخاسمە ڕێک و بانا و سەخبێرکرنا وان هەروەسا دڤێت ئەم وەکو کارگێریا پارێزگەهێ هەماهەنگییەکا باش دگەل تیمێن وان بکەین بو وێ یەکێ هەموو پرۆژێن دەست نیشانکرێ و فەر بکەڤنە دخزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ دا.

پارێزگەرێ دهوکێ ئەو یەک ژی دیارکر کو ل ساڵێن دەربازبوێ ل دوڤ شیانا پرۆژێن ڕێک و پرا هاتینە بجهئینان و ئومیدەوارین ل ساڵێن بهێت پرۆژێن باشتر بهێنە ئەنجامدان.

ژلایێ خوفە وەزیرێ ئاڤەدانکرنێ دیارکر کو ئارمانج ژسەرەدانێ ئەوە ئەم ژنێزیک سەحکەینە وان پرۆژێن ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ دهێنە ئەنجامدان و حکومەتا هەرێما کوردستانێ 10 ملیار دینار تەرخانکرینە بو پروژا ل پارێزگەها دهوکێ نەخاسمە سەخبێرکرنا ڕێک و پرا و دوهی 2019/10/28 مە سەرا هندەک پروژا دا و ئەڤرو 2019/10/29 دێ سەردانا هندەکێن دن کەین و بریارە پترا ڕێکێن دەڤەرێ بهێنە چێکرن و سەخبێرکرن هەتا ناڤەراستا مەها دووزدە ب دەماهی بهێن وبکەڤنە دخزمەتا وەلاتییان دا.

هەروەسا گوت: ئەڤ ساڵە پروژێن باش ل پارێزگەها دهوکێ دێ هێنە ئەنجامدان و ل ساڵێن بهێت پروژێن باشتر دێ هێنە دورستکرن.

ل دور چێکرنا تونێلا چیایێ مەتین وەزیرێ ئاڤادانکرنێ گوت: وەکو قوناغا ئێکێ کومپانییەکا تایبەت ڤەدیتنێن پروژەی ئامادەکەت پاش پروژە ب ڕێکا تەندەران دێ هێتە را گەهاندن و لداهاتەکێ نێزیکی ئانکو ل سالا 2020 پروژە دێ کەڤیتە دواڕێ بجهئینانێ دا.

وەزارەتی تەندروستی بەکارهێنانی کیسی نایلۆنی قەدەغەکرد

خەبات ـ فاتیح: بەپێی نووسراوێک کە واژووی دکتۆر سامان بەرزنجی بەسەرەوەیە و تیایدا هاتووە کە لەپێناو پاراستنی هاوڵاتیان و کەم کردنەوەی کاریگەریە خراپەکانی کیسی نایلۆن، لە هەموو سەمونخانە و نانەواخانەکان کیسی نایلۆن قەدەغەکرا و پێویستە لەمەودوا هەموو سەمونخانە و نانەواخانەکان لە بری کیسی نایلۆن کیسی کاغەز بەکار بهێنن، ئەو بڕیارەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە کیسی نایلۆن زیان بە تەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنێت و داواش لە یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحییەکان دەکەین کە پاڵپشتی لەو بڕیارە بکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە لە ڕێگای ڕاسپاردنی لایەنی پەیوەندیدار و لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامییەتەکان لە شار و شارۆچکەکان و هاوکاری و هەماهەنگی یەکتر بکەن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارە لەپێناو سەلامەتی هاوڵاتیانە.

شەقامی 120 مەتری گەیشتە قۆناغی کۆتایی



سەرپەرشتیاری شەقامی120 مەتری شاری هەولێر گوتی: لە ئێستادا تەنها قاتی دووەمی قیرتاوکردنی بەشی کۆتایی شەقامی 120مەتری ماوە، کە بەم زووانە تەواو دەکرێ و نیشانەکانی هاتوچۆ دادەنرێن و بە ڕووی هاوڵاتیاندا دەکرێتەوە. سەرتیپ قادر ڕایگەیاند: کارکردن لە شەقامی 120 مەتری بەردەوامە و لە ئێستادا قاتی دووەمی بەشی کۆتایی شەقامەکە قیرتاو دەکرێت و تەنها ڕێگا خزمەتگوزارییەکان دەمێتن، ئەویش بۆ ساڵی داهاتوو دەبێت.

ڕاشیگەیاندووە: ڕێنمایی هاتوچۆ و کارەبای دەمێنێت، کە ئەویش تەواو دەکرێت و ئەوکات شەقامەکە بە تەواوی دەکرێتەوە و هیچ پێچێکی نییە و هەمووی لە ڕێگەی بەرزەپردەوە چارە کراوە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو لیوا عەبدولآ تەها

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵان فەرماندە لیوا عەبدولآ تەها برای شەهیدی فەرماندە ڕەحمان تەها ـ مان پێگەیشت. لیوا عەبدولآ تەها، لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر و خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، لە پێناو ئازادی میللەتەکەماندا قوربانی زۆریان بەخشیوە. بەم بۆنە خەمناکەوە، خۆمان بە هاوبەشی خەمی خانەوادەکەتان دەزانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایان و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزانی خانەوادەی خوالێخۆشبوو لیوا عەبدولآ تەها مستەفا

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لیوا عەبدولآ تەها مستەفا. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوە و تەواوی خانەوادە و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. خوالێخۆشبوو عەبدولآ تەها پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و وەفاداری وڵات و ڕێبازەکەی بوو و هەر لە سەرەتای هەڵگریسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە بێ دابڕان بەردوامبوو لە خەبات و خزمەت تا مالئاواییکردنی لە ژیان، هیوادارین هاوخەمی هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی بەڕێتە مایەی دڵنەوایی و سەبوری بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشیمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گەورە گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی بنەماڵەکەمان بە هەموو ئەو بەڕێزانە ڕادەگەیەنین کە بە شێوازی جیاواز لە کۆستی مالئاوایی خوالێخۆشبوو سارا سەید عەبدولڕەحمان-ی هاوژینم، دڵنەواییان کردین و هاوخەمان بوون.

سوپاس بۆ خەڵکی بە ئەمەکی ڕەواندز و دۆست و خۆشەویستانمان لە هەولێر و دەڤەری سۆران و دیانا و سیدەکان و میرگەسۆر و باڵەکایەتی و خەلیفان و هەریر و شەقڵاوە و کۆیە و ڕانیە و شار و شارۆچکە و دەڤەرەکانی دیکە، کە ئەزیەتیان کێشا و بەشداریان کرد لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و ڕۆژانی پرسەکەمان.

سوپاسی تایبەتمان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نووسینگەی جەنابیان و نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەمێنداری گشتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پارێزگاری هەولێر و بەرپرسی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی و قائیمقامەکانی سۆران و ڕواندز و چۆمان و ژمارەیەک پەرلەمانتار و بەرپرس و ستافی هەردوو لقی 10 و 26ی گوڵان و لیژنەی ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی 6ی سۆران و فەرماندە سەربازییەکان و کۆمیتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرس و کادیرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی تر و سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی سۆران و ئەوقافی میرگەسۆر و چۆمان و ڕواندز و تەواوی دام و دەزگاکانی ئەو دەڤەرە و بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر و سەرۆک و کارمەندانی شارەوانییەکانی دەوروبەری هەولێر و دامەزراوەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و کەسایەتی و مامۆستایانی ئایینی و میدیاکاران و چێن و تۆێژە جیاوازەکان.

سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش دەکەین، کە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و ناردنی پەیامی دڵنەواییان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، هاوخەمان بوون.

سوپاس بۆ ئەو خۆشەویستانەش کە بە درێژایی ماوەی مانەوەی کۆچکردوو لە نەخۆشخانە بەسەریان کردینەوە و لێیان پرسین، هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو پزیشک و کارمەندانەی تەندروستی کە لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی و هەولێری تایبەت، هاوکارمان بوون و ئەرکیان لەگەڵ کێشاین.

خوای گەورە پاداشتی چاکە و بەشداری هەمووان بداتەوە و دوورین لە هەر خەم و ناخۆشییەک.

حاجی کەریم سەرانەیی

زیاتر لە دوو ساڵە حکوومەتی عێراق و ڕێکخراوە بیانییەکان هیچ جۆرە هاوکارییەکیان پێشکەش نەکردوون

(300) خێزانی ئاوارەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عیراق لە دەڤەری سۆران نیشتەجێن





عەباس ئەمیر ئەحمەد

لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، هەزاران خێزان لە ناوچەکانی ناوەراست و خواروی عیراق ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون , لەو نێوەندەشدا زیاتر لە (6000) خێزان لە کەمپەکانی سنووری دەڤەری سۆران و دەوروبەری نیشتەجێ کران، لە ئێستاشدا دوای گەرانەوەی بەشێکی زۆری ئەوخێزانە ئاوارانە بۆ زێدی خۆیان , کەچی هێشتا (300) خێزانی دیکە لە کەمپی حامیەی رواندز و شەهیدانی ئازادی سۆران ماونەتەوە و بەرێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆرانیش ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەی دوو ساڵە نە حکومەتی عیراق و نە ڕێکخراوە بیانییەکان هیچ جۆرە هاوکارییەکیان پێشکەشی بەو خێزانە ئاوارانە نەکردووە.

خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی- ن.سۆران

(300) خێزانی ئاوارە ماون ئەگەرچی بە هۆی بڕینی بوودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عیراق و دابەزینی بەهای نەوت لە بازارە جیهانییەکان ,حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی سەختی دارایی دابوو بەڵام وەک ئەرکێکی مرۆیی باوەشی بۆ هەزاران خێزانی ئاوارەی ناوچەکانی ناوەراست و خواروی عیراق کردەوە کە بە هۆی هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە شار و شارۆچکەکانی خێزان جێهێشتبوو ,لەو نێوەندەدا زیاتر لە (6000) خێزان لە سنووری قەزای سۆران و دەوروبەری نیشتەجێکران لەمبارەوە (عەباس ئەمیر ئەحمەد) بەرێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆران کە بەرێوەبەرایەتییەکەیان سەرپەرشتی هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و رواندز و میرگەسۆر دەکات رایگەیاند، لەو (6000) خێزانە لە سنووری قەزای سۆران و دەوروبەری نیشتەجێکران لەمبارەوە (عەباس ئەمیر ئەحمەد) بەرێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆران کە بەرێوەبەرایەتییەکەیان بەشێکیشییان کە توانای دارایییان باشتر بووە لە سەنتەری شارەکان خانوویان بە کرێ گرتووە.

دوو ساڵە حکوومەتی عیراق هاوکاری ئاوارەکانی نەکردووە بەرێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆران ئاماژە بەوە دەکات کە نە حکومەتی عیراق و نە ڕێکخراوە بیانییەکان ماوەی دوو ساڵە هیچ جۆرە هاوکارییەکان پێشکەشی بەو خێزانە ئاوارانە نەکردووە لەو ڕاستایەدا ڕایگەیاند ,بە داخەوە ماوەی دوو ساڵە نە حکومەتی عیراق و نە ڕێکخراوە بیانییەکان بە تایبەتی (UNHCR) هیچ جۆرە هاوکارییەکیان پێشکەش بەو خێزانە ئاوارانە نەکردووە و ئەوە تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە کە لە بەشی داو و دەرمانی خۆی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەباو هەوڵە خێرخوازییەکانی دیکە توانیویەتی هاوکاری ئەو خێزانە ئاوارانە بکات، بۆیە لە ڕێگەی ئێوەوە داوا لە حکومەتی عیراق و ڕێکخراوە بیانییەکان دەکەم کە هاوکاری ئەو خێزانە ئاوارانە بکەن بە تایبەتی کە بەردەوام وەرزی زستان هەنگاو دەنێین و ناوچەکەی ئێمەش ناوچەیەکی سارد و سەختی شاخاوییە.

لە نەخۆشخانە حکومییەکان چی دەگوزەرێ..؟!

چارەسەری نەخۆشییە قورسەکان کە دەبێت لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بکرێت، وەک پێویست نییە یاخود هەر نییە

بەشێک لە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانە حکوومییەکان تووڕە و تۆندن لەگەڵ نەخۆش





ئا : ئاشتی گەرمیانی

لە میژەوە شارەزای دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانم لە بوارە تەندروستییەکان، زۆرجاریش سەردانی بنکەو نەخۆشخانەو سەنتەر و نۆرینگە تەندروستییەکانم کردووە، هاوکات سەردانی نەخۆشخانە (ئەهلیەکانیشم) کردووە، زۆر کاری پۆزەتیڤ و نێگەنتیڤم بینیووە. کوردستان لە زۆر وڵاتانی تری دەوروبەر پر خزمەتگوزاریتر و پاک و خاوێن و چالاک و بەتواناترە، لە زۆر وڵاتانی تر پسپۆری شارەزای کورد هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی کەنداو ژمارەی دانیشتووانی 600هەزار کەسە کەچی دوو ملیۆن ڕەوەندی وڵاتانی تری تێدایەو دکتۆرو پسپۆڕەکانیان ڕەوەندەکەنانن، بەڵام لە کوردستان دکتۆر و شارەزای کوردی زیاترن.

ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەرووی تەندروستییەوە جیا دەکاتەوە متمانەیە، کە لە وڵاتی خۆمان متمانە و شارەزایی وردتر و ئەبدەیتکردنەوە لە زانستی پزیشکی کەمترە، لە هەرێمی کوردستان دەرچووانی کۆلێژ و بەشە پزیشکییەکان هەر زوو وەکو دکتۆر و یاریدەدەر و دەرمانساز لەدوای کۆلیژ دادەمەزرێن، کە هێشتا شارەزایی پراکتیکی ئەوتۆیان نییە، هاوکات چەندان کێشەی تری یەک لەدوای یەک لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلییەکان ڕوویان داوە و زۆرجاریش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆسیال میدیادا خراونەتەڕوو، ئاخر واتای چی نەخۆش دەمرێت بە لێدانی دەرزی و نەدۆزینەوەی خوێنبەر؟ واتای چی لەهەر کۆگاو دەرمانخانەیەک دەرمان بە نرخێکی جیاوازە؟ ئەی واتای چییە کەس خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو ڕووداوانەو هێشتا کەیسێک نەدراوەتە دادگا و ئەنجامەکانیش ڕانەگەیەندراون؟! ئەو ڕووداوانە هەموویان ڕوویانداوەو هەواڵەکانیش گەیشتوون بە سەرجەم هاووڵاتیان، لەکاتێکدا نابێت هەموو ڕووداێکی نەخوازراو بگوازرێتەوە بۆ نێو ماڵەکان و هیچ دەردنجام و لێپرسینەوەیەکیش نەبێت، ئەوە لایەنی پاراستنی بەهای کۆمەڵاتی و سیکیوریتییەکەی کە ئاگای لە ژیان و گوزرانی خەڵکە بۆ متمانەکردن بە ژیان لەو وڵاتە، پرس و باسێکی دیکەی پەیوەندیدارە بەو بابەتەوە .

من دڵنیام لەوەی کە وەزارەت و ڕاوێژکارو پسپۆڕە تەندروستییەکان بیریان لەهەموو پلان و بەرنامەو کارێکی باشتر کردۆتەوە بۆ داهاتوویەکی باشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا، دڵنیاشم لەوەی کە سوود وەرگیراوە لە ئەزموون و سیستەمە تەندروستییەکانی وڵاتانی ئەورووپا و دەوروبەر، بەڵام ئەوەی کە دەیبینم وەکو هەر هاووڵاتییەک و ڕۆژنامەنووسێک ئەو پلان و سیستەمە نووسراوانەو ئەو مەبەست و هیواو حەزانە نەبۆتە کاری کرداری لەنێو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان، هەروەها ئەو پلانانەی کە حەزو ئاواتی هاووڵاتییە نەهاتۆتەدی، بۆ نموونە بیمەی تەندروستی و دەرمان و چارەسەری بنەڕەتی، چارەسەری نەخۆشییە قورسەکان کە دەبێت لە نەخۆشخانە حکوومییەکان بکرێت، وەک پێویست نییە یاخود هەر نییە، بازرگانیکردن بە دەرمان و بنبڕکردنی دەرمانی ئێکسپایەر و کوالیتی خراپ، ئەگەرچی تا ڕادەیەک ئیشی بۆ کراوەو هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام هێشتا ماوەو ناتواندرێت بگوترێت نەماوە.

لێرە نازناویش کێشەیەکی دیکەیە، بە هەموو ئەو کارمەندانەی لە نەخۆشخانەو نۆرینگەو بنکە تەندروستییەکان کاردەکەن، دەگوترێت دکتۆر، کە ئەوەیش کارێگەری لەسەر باری دەروونی پزیشک و دکتۆرەکان هەیە و هەروەهاش بۆ ئەوانەی سەردانی ئەو نەخۆشخانانە دەکەن هەروا ئاسان نییە بە هەموو کەس بگوترێت دکتۆر.

وەزارەتی تەندروستی کارمەندی زۆرە، بەڵام زۆرجاریش سەرپێچی و کەم دەوامکردن لە بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەکاندا هەیە، ئایا ئەوانەی سەرپێچی و کەمتەرخەمی دەنوێنن سزا دەدرێن؟ من دەزانم کە رێنمایی و بڕیاری توند هەیە و بەرێوەبەرەکانیش لە زۆرترین حاڵەتدا کەمتەرخەم نین، بەڵام بۆچی ئەو بڕیارانە جێبەجێ ناکرێت، تاوەکو متمانەو دڵنیایی بدرێتە هاووڵاتیان؟ چییە ئەو ئاستەنگانە کە بیمەی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دروست نەکرێت، بۆچی نەخۆشخانە حکومییەکان پاکتر و چاکترو نوێکردنەوەی کەرەستەکان ناکەنە پلانی داهاتوویان؟

نەبوونی بیمەی سوسیال و تەندروستی وای کردووە خەڵکی هەژار تەنیا تەنیا پەنا بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان و خێرخوازییەکان ببەن ، بەڵام ئەو جێگایانەش هەر بەپارەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرمان زۆرە و حکوومەتیش ئامێر و کەرەستەی پزیشکی دابین کردووە ، بەڵام هەردەبێ نەخۆش کەسێکی لەگەڵدا بێت و نیوەی شەو بچێت دەرزی بۆ نەخۆشەکە لەدەرەوەی نەخۆشخانە بکرێت و بە پەلەش! ئەدی ئەوەی کە پارەی ئەم دەرمانانەی نەبێت چی بکات ! ئەی بۆ دەبێت مرۆڤ خۆی بە دوای خوێندا بگەڕێت، ئەگەر کەسێکی هەژار کەسی نەبوو، چی بکات؟!

ئەوەی من لە نۆرینگە تایبەتەکانیش دەیبینم کارێکی زۆر بێ سەروبەرە کە دکتۆر حەزی ئەوەیە زۆرترین نەخۆش ببێت، بەشێک لە دکتۆرەکانیش هاوبەشی دەرمانخانەو تاقیگاکانن، دکتۆر هەیە لە سێ نەخۆشخانە دەوام دەکات، لە حاڵەتی نەشتەرگەریشدا بەڵێننامەیەکی یاسایی بە نەخۆش پڕ دەکەنەوە کە خۆی بەرپرسیارە لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو ! وێڕای ئەوەی بەشێک لە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانە حکوومییەکان تووڕە و تۆندن لەگەڵ نەخۆش، بەڵام هەمان دکتۆر لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەرووبەرەکی خۆش و زۆرێش زیاتر ئاگای لە نەخۆش دەبێت.

ئەوانە و کێشەو گرفتی پرسگەی نەخۆشخانە و چۆنیەتی پێشوازیکردن لە خەڵک و سەردانیکارانی نەخۆش و شکاوی و خراپی تەختەی نووستنی نەخۆش و کەمی پاک و خاوێنی و نەبوونی شوێنی چاوەڕوانی و ڕۆتینی نێو نەخۆشخانەکان و بەتایبەتیش جۆری ئەوە خواردنانەی دەدرێ بە نەخۆش لە نەخۆشخانە حکوومی و ئەهلییەکانیش وەک پێویست نییە و هەموو ئەو دیاردانە لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونیان هەیە ، کە بە کۆی گشتی دەبنە هۆی شلەژانی سیستەمی تەندروستی و پێویستیان بە چارەسەری خێرا و ورد هەیە.

ئافرەتانی کورد
هەردەم داکۆکیکاری خاکی کوردستانن

ساسان دەرویش ژ مۆڵەندا

لە میانەی پشتگیریکردن لە کوردانی ڕۆژئاوا و بەشداربوونی ئافرەتانی کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستان بە ڕێژەی هێجگار زۆر لە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان کە هەمیشە پێشەنگ بوون بۆ داکۆکیکردن لە گەل و نیشتیمان، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی ئافرەتی کورد و پشتگیریان بۆ کورد و کوردستان لە شاری لەندەن لە ولاتی بەریتانیا ئافرەتانی چالاکوانی کورد بۆ خەبات دووان.

تۆماری لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی کورد و کوردستان، پڕاوپڕن لە نووسینەوەی کار و خەباتی ئافرەتان و بەرگریکردن لە خاکی کوردستان، تا ئەمڕۆش لەنێو میدیا و کۆمەڵگە جیهانییەکاندا ئافرەتی کورد وەک پێشمەرگە و شەڕڤانان بوونەتە سیمبولی خەبات و تێکۆشان لە تێکشکاندنی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش و بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی و هاوسۆزی بۆ پرسی کورد و دۆزی ڕەوای نەتەوەیەتیمان دەڕوانن بەتایبەتی لەم کات و ساتەی ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و هێرشی داگیرکاری سوپای تورکیا بۆ سەرخاکی کوردستان، دۆستانی کورد لە تاراوگە لە هەموکات زیاتر دەبینرێن و لەنێومانداندا لەو یەکبوونەی کورد و یەکڕیزیان بۆ ئیدانەکردن و ڕاوەستانی جەنگ ومالوێرانی.

لە هەموکات زیاتر کورد بە یەکڕیزی دەبینرێ

دیاری یارا چالاکوانێکی ئافرەتی کورد لە لەندەن لەو بارەیەوە گوتی: یەک بوون و یەک هەڵوێستی و ئاشتەوایی ڕیزەکانی گەلەکەمان لە هەرچوار پارچەی کوردستان، ئاواتی هەموو تاکێکی کوردە کە دەمانگەیەنن بە دوا مەنزلگەی خەون و ئاواتەکانمان لە سەربەخۆیی کوردستان. لە ئێستاشدا لە هەموکات زیاتر کورد بە یەکڕیزی دەبینرێ کە هەموومانی خۆشحاڵ کردووە. ڕۆڵی ئافرەتی کوردیش لەو میانەیەدا بەرز دەنرخێنرێ بۆ ئەو لەیەک نزیکبوونەوەیە. ئێمەی ئافرەتی کوردیش لە تاراوگە و بەشداریکردنمان لە خۆپیشاندانەکان و ئیدانە کردنی دوژمن و داگیرکارانی کوردستان، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە بەشدار بین و دەنگ هەڵبڕین لەوەیکە خاکی کوردستان و کورد لە بەردەم سڕینەوەدان و دەنگی خۆمان بە ئازادیخوازانی دنیاو مرۆڤ دۆستان بگەیەنین. لە نێو خۆپیشاندەرانیش ئافرەتان ڕۆڵی گرنگ دەبین و دەنگی خۆیان بەرز دەکەنەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوانەی دۆستەکانمان لە کۆمەڵگە جیهانییەکان هاوسۆزی خۆیان دەربڕی و لەگەڵمان بەشدار دەبوون و دەنگی خۆیان دەخستە پاڵ دەنگەکانی ئێمە بۆ ڕاوەستانی جەنگ و مالوێرانی کورد و پێشێلکاری لە خاکی وەک بەرپرسا ناڤەندا ئافرەتێن گردەسێن دەسبکار بویە، مەزنترین خوشی بمن

هەڵمەتی کۆکردنەوەی جل و بەرگ و پیداویستی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا

پەیمان بەرزنجەی چالاکوان و شاعیر لەوبارەیەوە گوتی: ئافرەتی کورد بە بیر و باوەڕێکی تۆکمەوە لە شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا پێشەنگ بوون بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگە و شەرڤان ڕۆڵی گرنگ ببینن و گیانی خۆیان بۆ پاراستنی کورد و کوردستان فیدا بکەن. ئەوەی لە ئێستادا ئافرەتی کورد لە تاراوگە دەیکات بۆ پشتگیریکردن لە ڕۆژئاوای کوردستان هەر لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و هەڵمەتی کۆکردنەوەی جل و بەرگ و پێداویستی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لەو هەڵمەتە بەشداریمان کرد و ئیدانەی داگیرکاری خاکی کوردستانمان کرد بە بەرزکردنەوەی دروشم و ناڕەزایەتییەکانمان. ئەوەی جێگایی خۆشحاڵیش بوو، شیعرەکانم بۆ کوردستان و ئازادی و سەربەخۆیی .

بەشداربوون بۆ ئیدانەکردنی کوشتنی ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیل

سنەوبەر وەک چالاکوانێکی ئافرەتی کورد لە لەندەن دەڵێت: هەمیشە ئافرەتی کورد پشتگیری پرسەکانی کوردی کردووە لە سەرخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەی و گەیشتن بۆ ئامانجە پیرۆزەکەی و بوون بەخاوەنی دەوڵەتی کوردستان. لەو پێناوەشدا گیانی بەختکردووە و شان بەشانی پیاو ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە، بەوەیکە ئافرەتی کورد وەک سیمبولی ئاشتی و بەرخودان سەیردەکرێ لە نێو کۆمەڵگەکانی دنیا. ئەوەی لە سەرشانی ئێمەی کوردانی تاراوگە و بەتایبەتی ئافرەتان ئەوە بووە کە لە خۆبەخشانە بەشداری بکەین لەو هەڵمەتەی کە بۆ بەشێکی نیشتیمانمان و هانی هاوزمانەکانی خۆمان بدەین لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی پێداویستییەکان و کۆکردنەوەی جلوبەرگ وەک ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەشدارین.

سەمیان هەرکی: ئافرەت ب گشتی شیایە روولەکێ باش بگۆڕیت و شون تبلێن خوە دروستکەت

دیدار: شیراز چاربۆتی

ل سنوری ناڤەندا گردەسێن یا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ڕۆژنامەی خەبات دیدارەکا تایبەت ل گەل سەمیان فەتحی هەرکی بەرپرسا ناڤەند ئافرەتێن وێ ناحیێ کر ل دوور ڕەوشا ئافرەتان ل بواری ڕێکخراویی و جڤاکیدا.

• جڤاک چەوا سەردەدەریێ ل گەل ئافرەتێ دکەت؟

– ب گشتی گوهرین بسەر ڕەوشا ئافرەتا دا هاتیە. ئافرەتا نوکە دخوازیت زێدەتر دەرکەڤیت ڕولێ وێ دیار بیت و گەلەک جودا بوویە ل ئافرەتا سەردەمێ بەرێ. ژبەرکو ئافرەتا نوکە ل پرانیا سێتکەرا دا شیایە ڕولەکێ مەزن بگێریت و شون تبلێن خوە دروستکەت، بەریا نوکە عەشیرەتگەریێ کاریگەری هەبوو لسەر ڕولێ ئافرەتاندا بەلێ نوکە ل گەل هەبونا دەمی گوهرین دروستکریە ئافرەت پتر ئازاد بوویە.

• پتریا جارا ئافرەت دبیتە قوربانیا داب و نەریتا چ بهێتە کرن بۆ ڤێ پرسێ؟

– دروستبۆنا بەردەوام قوربانی دانا ئافرەتا ڤەدگەڕێت بۆ ئاستێ خوێندن و هزر کرنەڤێ و پێدڤیە خولێن تایبەت ب ڕەوشنبیرکرنا گشتی بهێنە ڤەکرن بۆ پتر تێگەهشتنا ئاستێ جڤاکی.

• چ سال هاتیە دناڤ ڕێزێن ئافرەتاندا ؟

– سالا 2018هاتمە ناڤ ڕیزێن ئێکەتیا ئافرەتاندا و بۆ خزمەتکرنا ولاتێ خوە بکەم .

• داب و نەریت یان ئاین کیژوان بەرپرسیارن بەرامبەر تۆندوتیژیا ئافرەتان؟

– سەرجەمێ گشتیێ جڤاکی کوردی ب جڤاکەک ئاینی پەرست هاتیە گرێدان ئەڤ چەندە بۆ سەردەمێن بەرێ ڤەدگەڕیت بەلێ ئاستێ هوشیاری و ڕوشنبیریا گشتی ل ناڤ جڤاکی نە ل وی ئاستی دایە کو ئەم دبینین جڤاکەکێ تەمام عەشایریی یە ئەڤە ژی فاکتەرە بۆ تۆندوتیژیێ ئەوا بەرامبەر ئافرەتێ دهێتە کرن.

• ئاین و داب و نەریت چەند بۆینە ڕێگر بەرامبەر ئازادی و شیانێن ئافرەتان؟

– وانە بێژم و نڤشەکێ نو پێدگەهینم و دلخۆشم کو دشێم د ئێک دەمدا دووکارا

ئافرەتا نوکە دخوازیت زێدەتر دەرکەڤیت ڕولێ وێ دیار بیت و گەلەک جودا بوویە ل ئافرەتا سەردەمێ بەرێ



• هەتا چ ئاستی ئەو بیرکرنەوە کۆنە ڕەشبینانە ل ناڤ کچان هاتیە شکاندن؟

– ئەڤ بیرکرنەوە کۆنە ڕەشبینانە ل ناڤ کچان ب تشتی ئاسایی هاتیە دیتن و ئەڤ ژی ژبەر ڤێ چەندێ کو ئەڤ بیرکرنەوە ل ناڤ ژن



پێکەوەژیان.. کولتووری ڕەسەنی کوردستانیانە



وەیسی سەعید وەیسی

پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی یەکێ لە خەسڵەتە جوان و دیارەکانی کۆمەڵگای کوردستانییە کە لە دێرزەمانەوە لەگەڵ ئەوەی کوردستان بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر گوزەری کردووە، بەڵام هەمیشە شوێنی پێکەوەژیانی هەموو ئایین و نەتەوە و مەزهەبێک بووە کە کوردستانیان بە جیاوازی ئایین و زمان و بیروبۆچوونەوە لەژێر چەترە گەورەکەی کوردستان کۆبوونەوە و ئیماندارانی سەرجەم ئایینەکان بەیەکەوە سەرقاڵی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بوونە.

تەنانەت ئەم واقیعەی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە سەرنجی ناوەند و دەزگا نێودەوڵەتییەکانی ڕاکێشاوە و بەبایەخەوە لێ دەڕوانن، بۆیەش لەڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کۆمیسیۆنی ئەمریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان تێشکی خستۆتەسەر پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان و وەک پەناگەیەکی ئارام بۆ ڕاگوێزراوان و لێقەوماوەکان لەپێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان وەسف دەکات کە ئەمەش مایەی شانازییە بۆخۆی کوردستان و سەروەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی گەلی کوردستان لە حەقیقەتی ئیسلام وەک ئایینێکی لێبێبوردە و میهرەبان وێڕای ئەوەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هەمیشە فاکتەرێکی گرنگ بوونە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی پێکەوەژیانی و داکۆکی کردن لە مافی پێکهاتەکان بۆیەش گەر تەنها گوندی(بارزان) بە نموونە بهێنینەوە ئەم ڕاستییەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە جگە لەوەی (بارزان) لانکەی شۆڕش و کوردایەتی بووە لە هەمان کاتیشدا لە سایەی حوکمڕانی شێخ عبدالسلام بارزانی باوەردارانی چەندین ئایین بەبێ جیاوازی لە ئەرک ومافدا یەکسان بوونە و هەستیان بە هیچ جیاوازییەک نەدەکرد و شوێنی ئایینی باوەردارانی هەرسێ ئایین (موسڵمان – مەسیحی – جوو)لەگەڵ یەک بوون، بۆیەش کاتێک قەشەی بەناوبانگ (وێکرام) دێتە دەڤەری بارزان دەبینێ شێخ عبدالسلام بارزانی زیاتر لەوان لە خەمی باوەردارانی هەموو ئایینەکان دایە بێ جیاوازی خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت و بەشێخ دەڵێت ئەوەی تۆ دەیکەی بۆ پێکەوەبوون، بە ئێمە ناکرێت، بۆیە دەگەڕێتەوە.


وەنەبێت پاراستنی ئەم فەرهەنگە جوانە تەنها لە قۆناغێک لەقۆناغەکانی مێژوودا بووبێت، بەڵکو بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی پاراستن و قوواڵکردنەوەی ئەم کولتوورە دراوە تەنانەت لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنیش هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لەژێرسەرکردایەتیی بارزانیی نەمر بۆیەک ئامانج و مەبەست کۆبوونەوە کە ڕزگاریی نیشتمان بوو کە سەرەنجام خودی بارزانیی نەمریش بووە پارێزەری مافەکانیان و وای کرد حکوومەتی ئەوکاتی عێراق دان بە مافی هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا بنێت لەکوردستاندا، تەنانەت دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای ئەوکاتی عێراق ڕێگاپێنەدراو بوو کە کەسێکی نامووسڵمان ببێتە قائیمقام، بەڵام پێداگری و سووربوونی بارزانیی نەمر وای کرد ڕەحمەتی (فەرەنسۆهەریری)کە بە ئایین ئاشوری بوو بکرێتە یەکەم قائیمقامی قەزای چۆمان، لەم هەڵوێستەی بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕۆژانە هەموو کورد و عەرەب و ئاشوری و کلدان و ئێزیدی و شەبەک و تورکمان و ئەرمەن و هتد بە یەک چاو سەیری دەکرد و هەموو بە یەک چاو بەرگری لە خاک و نیشتمانیان دەکرد.

بۆیەش لەخەباتی شاخ و شۆڕشگێڕیشدا لەپێناو پاراستنی کوردستان خوێنی ئیمانداران هەموو ئایینەکان تێکەڵاوی یەکتر بوونە و لەژێر شوێنیشدا لەتەک یەکتردا نێژراون وێڕای ئەوەی دوای ئازادی کوردستان و هاتنەئارای پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان هەوڵ درا لەڕێگای سستەمی کۆتا مافی هەموو پێکهاتەکان بپارێزرێت و نوێنەری هەموان لەو دامەزراوە یاساییە هەبێت. مایەی خۆشحاڵییە لەم قۆناغەیشدا سەرۆک مەسعود بارزانی وەک دڕێژەپێدەری ستراتیژیەت و ڕێبازی بارزانیی نەمر هەموو دەم پارێزگاری لە پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کردووە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا کاتێک گرووپی تیرۆرستی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان لە هەوڵی تێکدان و درز دروستکردن بوون لە نێوان پێکهاتەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر ڕێنمایی و فەرمانەکانی سەرۆک بارزانی لە پێناو پاراستنی ئەم بەهاو جوانە فیداکارییەکی کەم وێنەیان نواند و پارێزگاریان لە هەموو ئایین و نەتەوەیەک کرد کە هەرێمی کوردستانیش بووە پەناگەیەک بۆ ئاوارە و لێقەوماوان لەسەرجەم پێکهاتەکان کە بەهۆی ڕەوشی نالەباری عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بۆیەش لە ئان و ساتێکی وەک ئێستای کوردستاندا گرنگە هەموان پارێزگاری لە ئازادی و پێکەوەژیان بکەین و پەرەی زیاتری پێ بدەین کە نیشانەی پێشکەوتنی کوردستانە، چونکە هەموان لەم هەرێمەدا هاوبەش و هاوچارەنووسین، کە بەدڵنیاییەوە هیچ هێزێکیش ناتوانێت کەلێنێک لەم نیوەندەدا دروست بکات، لەگەڵ ئەمەشدا گرنگە لەم ڕێگایەوە ڕێگری لەهزری تیرۆر و تۆقاندن و جیاکاریی ئایینی و تائیفی بکرێت، چونکە باشترین چەکە بۆ لەناوبردنی ئەم فکرە نامۆیانە کە هەموومان لەمرۆڤ بوون بۆ بەرسەردێ؟، ئایا کۆتایی پێدێت؟.

گەر بەشێنەیی ببر بکەینەوە، دەتوانین بڵێین.. هەڵبەت کوشتنی (ئەبو بەکر بەغدادی)، گورزێکی کەمەرشکێنی بوو کە ئاراستەی ڕێکخراوی (داعش) کرا،هەروەها دەشتوانین بڵێین کۆژرانی (بەغدادی) کار و ئەرکێکی سەرکەوتووی سوپای ئەمریکا بووە، بەڵام سەرکەوتنێکی کاتییە لە جەنگی دژی تیرۆردا!. چونکە ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) و هەر ڕێکخراوێکی عەقائیدی تیرۆرست، بە کوشتنی بەرپرس و سەرکردەکانیان لەناو ناچن!، لەبەر ئەوەی بوون و ئایدیای ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە باگراوندێکی هزری عەقائیدی مەزهەبی تایفەگەریی تووندڕۆ سەرچاوەیان گرتووە و پەیدا بوونە، وێڕای کوشتنی بەرپرسی و سەرکردەکانیان، ئەوان هەر بەردەوام دەبن لە سەر ڕەوتی خۆیان کە بە (جیهاد) ناوی دەبەن. گەواهی بۆ ئەم ڕاستییە دەتوانی لە دواین پەیامی (ئەبو بەکر بەغدادی) دەستمان کەوێت، کاتێک خاک و پانتایی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هەمووی لێبیان سەندرایەوە و پاش پێنج ساڵ لە بێ سەروشوێن بوونی خودی (بەغدادی) و بڵاو بوونەوەی ئەو پڕوپاگەندایەی، گوایە (بەغدادی)لە ئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی فڕۆکەکانی ئەمریکا زۆر بەسەرختی بریندار بووە و دواتر مردووە (پێم وایە کە هەر خۆیان ئەم پڕۆپاگەندەیان بڵاو کردبووەوە). بەڵام لە 26ی نیسانی 2019بینیمان لە دواین گرتە ڤیدیۆکەی کە ماوەکەی 18خولەک بوو، (بەغدادی) بە تەندروستییەکی زۆر باش دەرکەوت کە کلاشینکۆفەکەی لە تەنیشتەوە بوو و هەڕەشەی کرد و ڕایگەیان کە شەڕ لەگەڵ ڕۆژئاوا جارێ تەواو نەبووە و گوتی: "جەنگی ئێمە ئەمڕۆ شەڕی (ئیستینزافە) بۆ گەیاندنی زەرەر و زیان بە دوژمن، ئەبێ دوژمنان ئەوە بزانن کە (جیهاد)ی ئێمە بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژی قیامەت". لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) یاخود هەرناوێکی دیکە لە داهاتوو بۆ خۆیان هەڵبژێرن، هەر بە ڕێکخراوێکی تووندڕۆی عەقائیدی تیرۆرست دەمێننەوە و شەڕیان دژی ڕۆژئاوا و دەسەڵات و سیستەمەکانی غەیرە ئیسلامی هەر بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژی قیامەت (هەروەکو بەغدادی ڕایگەیاندبوو).

لەوانەیە کوشتنی (بەغدادی) و ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی و لەدەستدانی چەکدار و سەرچاوەی دارایی خەلافەت، ببێتە ئەگەری ئەوەی هەندێک لە چەکدار و هەوادارانی داعش جوودا ببنەوە لە داعش، بەڵام بە ڕێکخراوێکی دیکەی تیرۆرستییەوە بنووسێن وەکو(قاعیدە ، جەبهەت ئەل نوسرە، جەیش محەمەد، سوار ئەل ئەنبار...هتد) هەروەها دووڕنییە کە زۆرێک لە چەکدارانی (داعش) بچنە نێو ریزی ئەو گروپانەی کە ئەمڕۆ بەپاڵپشتی تورکیا هێرش دەکەنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان وەکو (چەکدار و میلیشیا تیرۆرستەکانی سولتان مراد و سولتان محەمەد فاتح، حەمزە و مونتەسربللاە). بێشک لە ڕۆژئاوای عێراق و باشووری ڕۆژهەڵاتی سوریادا، چەکدارانی (داعش) لە گەڵ هەر میلیشیا و ڕێکخراوێکدابن، دایانگە و ژینەگەی خۆڕێکخستەوەی خۆیان هەیە و لەوانەیە چەکدارانی (داعش) بۆ ماوەیەک (تاکو خۆیان ڕێک دەخەنەوە) خۆیان حەشار بدەن و وەکو شانەی نوستوو کاربکەن. هەروەها دووڕنییە شانەوە و ڕێکخراوەکانی داعش لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهان جاربەجار بە شێوازی (گورگی تەنها) لە هەر شوێن و کاتێکدا بۆیان بگونجێت کاریکی تیرۆرستی ئەنجام بدەن. بۆیە نابێت هەرگیز ئەمریکا و هاوپەیمانان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتی خۆیان لەوە بکەنەوە کە (بەغدادی) کۆژرا، ئیتر کۆتایی بە تیرۆر و بیری توندڕۆ هاتووە.

چارەنووسی کورد و جوگرافیای سیاسیی



لە زانستی جوگرافیای سیاسیدا، ئەو شتەی بەراستی گرنگە، ئەنجامە، زیاتر لە ڕێژەی هاوسەنگیی هاوکێشەکە بۆ سوودوەرگرتن، دەشتوانی ئەو گریمانەیە یان ئەو ئەژمارە لە کێبڵی (میر)ی "مکیافیلی"دا بدۆزیتەوە، کە زیاتر لە 500 ساڵە نووسیویەتی، لەمبارەیەوە، لەشکرکێشی تورکیا بۆ باکووری سووریا، باشترین نموونەی ئەو جۆرە هاوکێشە ژینواریەیە. هەمان شت لەسەر ئەو گلۆپە سەوزە پیادە نابێت کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپاوە بە تورکیا بەخشرا، تەنیا ئەگەر لە چوارچێوەی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهانەوەچوونی ئەورووپا ، لەوەی پەیوەستە بە هەڵقوواڵانی هەزارەها پەنابەر بۆ ماوەیەکی درێژ تێی بڕوانیت.

لەنێو ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی خۆمدا، وتارێکم دۆزییەوە کە لە مانگی نیسانی ساڵی ?1975لە (گۆڤاری تەهران)ی ئێرانی بڵاوم کردبووەوە، ئەو دەمەی تازە گەڕابوومەوە ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کە لەدژی ڕژێمی سەرۆکی پێشووی عێراق، سەدام حوسێن دەجەنگان، کورد کرایە قوربانی ڕێککەوتنی جەزائیر، بۆ گەیشتن بە سازشێک لە نێوان ئێران و عێراقدا، ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا، لایەنگرانی موساد و شای ئێران ناوبژیانیان کرد، کەچی پێشمەرگە ناچار بوون واز لە چەکی خۆیان بهێنن، لە سایەی ئەو هەموو فشارەی دەوری دابوون، گوندنشینانی داماو ناچار بوون بە پێخواسی بەرەو تەرزە، چیاکان، و زریانی بەفرینی چڕ ڕابکەن، بۆ ئەوەی لە سنوور بپەڕنەوە و بگەنە ئارامگەیەکی ئارام لە ئێراندا.

ئەوە جاری یەکەم و کۆتایی نەبوو، کە تێیدا گەلی کورد دەکرێتە قوربانی، لە ساڵی 1920یشدا، بە ڕاگەیاندنی تۆماس وۆردۆ ویلسۆن، بیست وهەشتەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ دانان بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلان، ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کورد کرایەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی، لەنێوەندی کاولکاریی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆخۆی بەرپا بکات، بەڵام دوای دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە، بە زەبری هێز تێکەڵاوی تورکیای تازە و ویلایەتی موسڵی عێراقی کران، لەناوەڕاستی کێڵگەکانی نەوتی بەرچاودا.!

دوای ئەوەی لە ساڵانی دوایی سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراقم کرد، ئەوەندەی ئەو ناوچەیە خاوەن تەواوی دەسەڵاتی خۆی و داهاتی دارایی تەواودا بوو، نەمتوانی یارمەتی هەڤاڵان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەم و ڕابردوویان بەبیر بهێنمەوە، ئەو ساڵانەی قوتابی بوون و لە زانکۆکانی بەغدا دەیانخوێند، هەمان هەست دوای 20ساڵ، لەنێو جەنگاوەرانی ئەریتریش دووبارە بوویەوە، کاتێک سەرکەوتنیان، ڕێگەی بۆ دۆستەکانیان لە ئەدیس ئەبابا، پایتەختی دوژمن کردەوە.

دەمەوێت بڵێم، ئەمڕۆکە کورد، وڵاتێکی تەواو سەربەخۆیان ناوێت، بەقەد ئەوەی دەیانەوێت لە ماف و ئەرکەکان لەگەڵ هەموو هاوواڵتیان یەکسان بن، بەچاوپۆشین لە ڕەچەڵەک، ئایین، ئێتن و کولتووریان. ئەوەی ئاگای لە مێژووی کورد بێت، دەبینێت ئەوان وڵاتێکی سەربەخۆیان ناوێت، بەقەد ئەوەی تەنیا یەکسانییان لە مافەکان لەگەڵ هەموو هاوواڵتیاندا دەوێت، بەڵام وا دیارە، پڕۆژەکەیان خراوەتە نێو داڵانی تاریکی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، کە جارێک بە شان و باڵی ئازادی گەلان لە مافی چارەی خۆنووسینیان هەڵدەڵێت، جارێکی دیکەش، ماف بەو گەلانە ڕەوا نابینێت، بۆ ئەوەی کەمترین مافەکانیان لە ژیانێکی ئاسوودەدا هەبێت.

و: ڕەمزی میرەکانی



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

بەغدادی کوژرا.. داعش بەرەوکوێ؟!

لەوانەیە لەم چەند دێرەی خوارەوەدا بۆچوونمان هەندێک دراماتیکی بێت، کاتێک بڵێین لە وادەی سەرۆکایەتی جۆرج بۆشی کۆڕ و بەرلە گەڕی دووەمی خۆهەڵبژاردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا (ئەبوو موسعب زەرقاوی) گەورە تیرۆرستی (ئەل قاعیدە) کوژرا.

لە وادەی سەرۆکایەتی ئۆباما و بەرلە گەڕی دووەمی خۆهەڵبژاردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا (ئوسامە بن لادن)ی گەورە تیرۆرست و سەرۆکی ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) کوژرا.

لە وادەی سەرۆکایەتی دۆنالد ترامپ و بەرلە گەڕی دووەمی خۆهەڵبژاردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا (ئەبوو بەکر بەغدادی) گەورە تیرۆرستی جیهان و سەرۆکی ڕێکخراوی (داعش) کوژرا.

لەوانەیە ئەم دیاردەیە ڕێکەوت بێ؟!!، بەڵام دوورنییە هەریەکە لە سەرۆکەکانی ئەمریکا لەماوەی گەڕی یەکەمی وادەی سەرۆکایاتی خۆیاندا، ئەرکێک یان ئامانجێک لە ئامانجەکان بۆخۆیان دیاری بکەن و هەموو ئاکار و ڕێکارێکی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە بەرهەڤ و ئامادە بکەن، بەڵام کاتی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە دوابخەن بۆ چەند مانگێک بەرلە گەڕی دووەمی وادەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا (بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئاخۆ گیرۆکردن و ئەنجام نەدانی ئەو ئەرکە، چەندە زەرە و زیانی هەیە بۆ خودی ئەمریکا وجیهان یان نا)، بەراستیش ئەمە جۆرە خودبەرژەوەندی و خۆپەرستییە کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن و بەکارهێنانی دەسەڵات و کورسی سەرۆکایەتی ئەمریکایە بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان. ئینجا لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، ئەرکەکە ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی وەکو دەستکەوت و خاڵێکی گرنگ لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن لە پێشبڕکێی وەدەست هێنانەوە گەڕی دووەمی کورسی سەرۆکایەی ئەمریکا.

ئەم چەند دێرەی سەروەی ئەم نووسینە، دەتوانم بڵێم ئەندێشەیەکی دراماتیکییە کە هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەخەیاڵیدا دێت. بەڵام ئەمە تەوەری گوتارەکەمان نییە، بەڵکو لەم نوسینەدا دەخوازین ئەوە بخەینەروو، ئاخۆ بەکوشتنی (ئەبو بەکر بەغدادی) وەکو بەرپرس ڕێکخراوی تیرۆرستی(داعش)، ئایا ڕێکخراوی (داعش) بەرەو کوێ ئاراستە دەگرێ؟! و چی بەرسەردێ؟، ئایا کۆتایی پێدێت؟.

گەر بەشێنەیی ببر بکەینەوە، دەتوانین بڵێین.. هەڵبەت کوشتنی (ئەبو بەکر بەغدادی)، گورزێکی کەمەرشکێنی بوو کە ئاراستەی ڕێکخراوی (داعش) کرا،هەروەها دەشتوانین بڵێین کۆژرانی (بەغدادی) کار و ئەرکێکی سەرکەوتووی سوپای ئەمریکا بووە، بەڵام سەرکەوتنێکی کاتییە لە جەنگی دژی تیرۆردا!. چونکە ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) و هەر ڕێکخراوێکی عەقائیدی تیرۆرست، بە کوشتنی بەرپرس و سەرکردەکانیان لەناو ناچن!، لەبەر ئەوەی بوون و ئایدیای ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە باگراوندێکی هزری عەقائیدی مەزهەبی تایفەگەریی تووندڕۆ سەرچاوەیان گرتووە و پەیدا بوونە، وێڕای کوشتنی بەرپرسی و سەرکردەکانیان، ئەوان هەر بەردەوام دەبن لە سەر ڕەوتی خۆیان کە بە (جیهاد) ناوی دەبەن. گەواهی بۆ ئەم ڕاستییە دەتوانی لە دواین پەیامی (ئەبو بەکر بەغدادی) دەستمان کەوێت، کاتێک خاک و پانتایی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هەمووی لێبیان سەندرایەوە و پاش پێنج ساڵ لە بێ سەروشوێن بوونی خودی (بەغدادی) و بڵاو بوونەوەی ئەو پڕوپاگەندایەی، گوایە (بەغدادی)لە ئەنجامی هێرشێکی ئاسمانی فڕۆکەکانی ئەمریکا زۆر بەسەرختی بریندار بووە و دواتر مردووە (پێم وایە کە هەر خۆیان ئەم پڕۆپاگەندەیان بڵاو کردبووەوە). بەڵام لە 26ی نیسانی 2019بینیمان لە دواین گرتە ڤیدیۆکەی کە ماوەکەی 18خولەک بوو، (بەغدادی) بە تەندروستییەکی زۆر باش دەرکەوت کە کلاشینکۆفەکەی لە تەنیشتەوە بوو و هەڕەشەی کرد و ڕایگەیان کە شەڕ لەگەڵ ڕۆژئاوا جارێ تەواو نەبووە و گوتی: "جەنگی ئێمە ئەمڕۆ شەڕی (ئیستینزافە) بۆ گەیاندنی زەرەر و زیان بە دوژمن، ئەبێ دوژمنان ئەوە بزانن کە (جیهاد)ی ئێمە بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژی قیامەت". لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) یاخود هەرناوێکی دیکە لە داهاتوو بۆ خۆیان هەڵبژێرن، هەر بە ڕێکخراوێکی تووندڕۆی عەقائیدی تیرۆرست دەمێننەوە و شەڕیان دژی ڕۆژئاوا و دەسەڵات و سیستەمەکانی غەیرە ئیسلامی هەر بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژی قیامەت (هەروەکو بەغدادی ڕایگەیاندبوو).

لەوانەیە کوشتنی (بەغدادی) و ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی و لەدەستدانی چەکدار و سەرچاوەی دارایی خەلافەت، ببێتە ئەگەری ئەوەی هەندێک لە چەکدار و هەوادارانی داعش جوودا ببنەوە لە داعش، بەڵام بە ڕێکخراوێکی دیکەی تیرۆرستییەوە بنووسێن وەکو(قاعیدە ، جەبهەت ئەل نوسرە، جەیش محەمەد، سوار ئەل ئەنبار...هتد) هەروەها دووڕنییە کە زۆرێک لە چەکدارانی (داعش) بچنە نێو ریزی ئەو گروپانەی کە ئەمڕۆ بەپاڵپشتی تورکیا هێرش دەکەنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان وەکو (چەکدار و میلیشیا تیرۆرستەکانی سولتان مراد و سولتان محەمەد فاتح، حەمزە و مونتەسربللاە). بێشک لە ڕۆژئاوای عێراق و باشووری ڕۆژهەڵاتی سوریادا، چەکدارانی (داعش) لە گەڵ هەر میلیشیا و ڕێکخراوێکدابن، دایانگە و ژینەگەی خۆڕێکخستەوەی خۆیان هەیە و لەوانەیە چەکدارانی (داعش) بۆ ماوەیەک (تاکو خۆیان ڕێک دەخەنەوە) خۆیان حەشار بدەن و وەکو شانەی نوستوو کاربکەن. هەروەها دووڕنییە شانەوە و ڕێکخراوەکانی داعش لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهان جاربەجار بە شێوازی (گورگی تەنها) لە هەر شوێن و کاتێکدا بۆیان بگونجێت کاریکی تیرۆرستی ئەنجام بدەن. بۆیە نابێت هەرگیز ئەمریکا و هاوپەیمانان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتی خۆیان لەوە بکەنەوە کە (بەغدادی) کوژرا، ئیتر کۆتایی بە تیرۆر و بیری توندڕۆ هاتووە.

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری قۆناغی ٤ بەشی کارگێڕی کار بەناوی شیلان عمادالدین شمس الدین وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة كاتب عدل زاخو

العدد: ٣٤٩

التاريخ: ٢٠١٩/١٠/٢٩

اعلان

الى المنذر اليه/ متى بولص متى

بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة ٥٧٢/انذار/ ٢٠١٩ المؤرخ فى ٢٠١٩/١٠/٢٧ و المتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقارى فى زاخو صباح يوم ٢٠١٩/١١/٥ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٩٣٦٤ مقاطعة ١١ اشكفت مارا و المشتراة من قبل مورث المنذرين /١ اميرة اسماعيل حسن ٢/ بژار خالد عبدى ٣/ هژار خالد عبدى ٤/اواز خالد عبدى و لمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء بأشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو/ ٣٣٠٤ المؤرخ فى ٢٠١٩/٩/٢٨ تقرر نشر تبليغكم فى صحفتين يوميتين.

الكاتب العدل/ صالح على حمد

***

سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
پەیانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر
یەکەی یاسایی

ژمارە: ٥٠٢١

رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٨

ئاگادارى

راگرايەتى پەيانگەى تەكنيكى كارگێرى/ هەولێر كەمكردنەوەى نهێنى رادەگەيەنێت سەبارەت بە بەكرێدانى كۆشكى بەشەناوەخۆيى كچانى

پەيانگەى تەكنيكى كارگێرى بۆ سالّى خوێندنى (٢٠١٩-٢٠٢٠) جا ئەو بەرێزەى ئارەزووى بەشدارىبونى لەم كەمكردنەوەيە هەيە دەتوانێت لەيەكەى دارايى پەيانگاكەمان بەبرێى (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دينار تەندەرەكە وەربگرێت كە گێرانەوەى بۆ نييە لە رۆژى بلّاوكردنەوەى ئاگادارييەكە تاوەكو ماوەى (١٠) رۆژ وە داواكارى و بەلّگەنامە پێويستەكان لەناو زەرفێكى داخراو دابنرێت و ناوو ژمارەى مۆبايلى بەلّێندەرەكەى لەسەر تۆمارکرابێت بەپێچەوانەوە پشت گوێ دەخرێت دوا ماوە بۆ وەرگرتنى تەندەرەكان كۆتايى دەوامى رەسمى رۆژى چوار شەممە رێكەوتى (٢٠١٩/١١/٧).

١- هەرتەندەرێك لەكاتى خۆى پێشكەش نەكرێت پشت گوێ دەخرێت.

٢- هەرتەندەرێك كەموكورى هەبێت پشت گوێ دەخرێت.

مەرج و پێداويستيەكان:

١- بارمتەى ياسايى بەبرى (١,٠٠٠,٠٠٠) يەك مليۆن دينار بەشێوەى چەكى پەسندكراو يان (خطاب ضمان)

٢- وێنەيەك لە ناسنامەى بارى شارستانى و رەگەزنامە كارتى زانيارى ياخود (كارتى نيشتمانى)

٣- پشتگيرى باجى دەرامەت.

٤- شارەزايى پێشووى لەم بوارە دا هە بێت .

٥- ليستى هاوپێچ فرۆشتنى كەل و پەل و دياريكردنى نرخەكان.

٦- كرێى سالّانەى (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو مليۆن دينارە.

٧- كرێى بلّاوكردنەوەى ئەم ئاگادارييە دەكەوێتە ئەستۆى ئەو كەسەى تەندەرەكەى بۆ دەدەچێت.

تێبينى: نرخەكانى تاك بەنرخى كۆ لەگەلّ ١٠٪ قازانج دەفرۆشرێت مەرجەكانى سەلامەتى تەندروستى پەيرەو بكرێت.

د. برزو همزه دزەيى

ڕاگرى پەيانگەى تەكنيكى كارگێرى هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
بەشی کاروباری یاسایی

ژمارە: ٩٩٧٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩

ئاگادارى

بۆ/ كۆمپانياى وارسۆ

ئاگادارکردنەوە

پاش تێپەربوونى چەند ساڵێك بەسەر پرۆژەى دروستكردنى بينايىەى كشتوكاڵى كۆيە و ناردنى چەندين ئاگادارى لەلايەن بەڕێوەبەرايەتى گشتى كشتوكاڵى هەولێرەوە بۆ پاراستنى بيناكە و مەوادەكانى ناو بيناكە لە هەموو زەرەرو زيانێك ئاگادارتان دەكەينەوە كە بەزووترين كات سەردانى پرۆژەكە بكەن و هەڵسن بەتەواو كردنى هەموو كارە تەواو نەكراوەكانى پێشينەى پێنجەم و بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسيار بەرامبەر ياسا.

بەڕێوەبەرى گشتى كشتوكاڵى هەولێر

د. عبدالرحيم عمر مصطفى

***

فەرمانگەى دادنووسى (يەكەمى هەولێر)

ئاگادارى

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣

بەپێ ئەو داواكارييەى كە پێشكەش كراوە بۆ ئەم فەرمانگەيە لەلايەن (اسعد احمد شێخۆ) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢ كە داواى تۆمارکردنى ئامێرەكانى كردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانراوە لە (رێگاى كەسنەزان) و وسفەكانى لە خوارەوەدا دياريكراوە، بۆيە ئەوكەسەى پەيوەندى بەمە و كەلوپەلە وەسفكراوەكان هەيە پێويستە رێوشوێنى ياسايى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهيەك پيشانى ئەم فەرمانگەيە بدات بەمەبەستى راگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دواى بلّاوكردنەوەكە، وە تۆمارکردنەكە بەدواكەوتوو دادەنرێت تاكاتى يەكلاكردنەوەى داواكەو ناڕازيبوون بۆماوەى حەوت رۆژ لەلايەن دادگاى پەيوەندىدار، بە پێچەوانەوە كەلوپەلەكانى تۆمار دەكرێت بەناوى داواكارى تۆمارکردنەكە بەگوێرەى ياسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى سالّى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنيشى پێ دەدرێت.

دادنووسى يەكەم / مريوان قەرنى ابراهيم

ئامێرەكان:

١- كۆمپرێسەرى گەرم كردنى ئاو ژمارە/٣٩٩٦٥ دروستكراوى روسى جۆرى سوتەمەنى كارەبا توانای K.W٢٢.

٢- كۆمپرێسەرى هەوايى بێ ژمارە دروستكراوى سينى جۆرى سوتەمەنى كارەبا توانای K.W١.

٣- فلتەرى اعادەكردنى ئاوى بەكارهاتوو بێ ژمارە دروستكراوى سينى جۆرى سوتەمەنى كارەبا توانای K.W١٠.

٤- غطاسى دەرهێنانى ئاو لەناو بير بێ ژمارە دروستكراوى سينى جۆرى سوتەمەنى كارەبا توانای K.W٧,٥.

٥- دووداندە شوشتنى ئۆتۆمبێل بێ ژمارە دروستكراوى سينى جۆرى سوتەمەنى كارەبا توانای K.W٢*٢.

٦- كۆمپرێسەرى هەوايى ژمارە/ AII١٠٧٩٨٢ دروستكراوى تورکى توانای K.W٧,٥. دوو پارچەيى ١٩٩٥.

***

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە: ٤٣٩/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٩

جارِدان

بۆ داوالێکراو(مهند خالد هلال)

ئامـاژە بـەداواى ژمـارە (٤٣٩/ش/٢٠١٩) كـە تايبەتـە بـە داوالێكـراو (عبيـر فتحـى رومـى) كـە جـۆرى داواكـە بريتييـە لـە (تفريـق للهجـر) لەبـەر ئـەوەى شـوێنى نيشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـى اشـعارى موختـارى خەبات/گەڕەكـى هەنجيـرۆك، بۆيـە ئـەم دادگايـە بڕيارييـدا لەبـەرواری (٢٠١٩/١٠/٢٩) بەپـێ راگەياندنـت بەرێـگاى دوو رۆژنامـەى ناوخۆيـى بـۆ ئامادەبوونـى خـدى خـۆت ياخـود بريـكاردارت لەجياتـى خـۆت رەوانـە بكـەى لـەرۆژى دادگايـى رێكەوتـى (٢٠١٩/١١/١٧) كاتژمێـر (٩)ى بەيانـى بـە پێچەوانـەوە دادگاييـى پاشـملەو ئاشـكرا دەرهەقـت ئەنجـام دەدرێـت بەپێـى ياسـا.

دادەر/مسعود سعيد صديق

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە: ٥٦١٦/ش٤/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٣

جارِدان

بـۆ داوالێكـراو: (فاطمـه محمـد شـاكر) شـوێنى دانيشـتنت نادیـارە

ئـەم دادگايـە لـە داواى ژمـارە (٥٦١٦/ ش٤/٢٠١٨) لـە رێكەوتـى (٢٠١٨/١٠/١٦) كـە لـە دادگاى بـارى كەسـى هەولێـر دەرچـووە دادگا بڕيارييـدا بـە (نشـوز) لەسـەرت تمۆزكـراوە وەلەبـەر ئـەوەى شـوێنى نيشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـى اشـعارى موختـارى خەبات/گەڕەكـى هەنجيـرۆك، بۆيـە بڕيارييـدا بەپـێ راگەياندنـت بەهـۆى دوو رۆژنامـەى ناوخۆيـى رۆژانـە كـە لـە هەرێمـى كوردسـتان دەردەچێـت، تـۆ مافـى نارەزايـى و پێداچوونـەوەت هەيـە لەمـاوەى ياسـايى (١٠) دە رۆژ لـەرۆژى پێڕاگەياندنـت بەپێچەوانـە بڕيارەكـە پلـەى بنبـڕ وەردەگرێـت بەپێـى ياسـا.

دادەر/طارق حسين كريم

***

دادگەها کەتنێ زاخو

العدد / ١٠٧٣/ج/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/٩/١١

بو/ تاوانبارى رەقى / (ريبر شفيق حسن)

ئاگەهدارى

ژبـەر كـو ڤـێ دادگەهـێ بريـاردا باشـملە تـو بهێبـە زيندانكـرن ل دويـف بەنـدى (٢٧٩) ژ ياسـا سـزايێ بـو مـاوى (شـەش هەيـڤ) هـەر ل رۆژا (٢٠١٩/٩/١١) ل دوسـەيا سـەرى ديارکـرى و ژبـەر جهـى ئاكنجيبونـا تـە نـە ديـارە ، بريـار هاتـە دا تـو بهێبـە ئاگەهدارکـرن ب رێـكا بەلاڤەكـرن ل دوو رۆژنامێـت نافخـوى و رۆژانـە و تـە مافـى نەرازيبونـى و پيداچوونـێ يـێ هـەى دماوێ ياسـايى دا و بەروڤـاژى ڤـێ جەنـدى ئـەڤ بريـارە پـلا بنـبر دى وەرگـرت .

دادەر/ خالد سليمان مصطفى

***

دادگای باری کەسیەتی کۆیە

ژمارە/ ٢٣٨/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت ٢٠١٩/١٠/٢٨

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو (ئاواز كاكە مەم عبدالله)

دانیشتوی شاری کۆیە بەلّام ئێستا

شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە

لەسـەر داخـوازی داواکار (كـمال مصطفـى معـروف) لـەداوای ژمـارە(٢٣٨/ش/٢٠١٩) ئـەم دادگايـە لەبـەرواری (٢٠١٩/١٠/١٣) بڕيـاری دەرکـرد لـەدژت بـە بڕينـی بژێـوی منالّەکەی(زامـوا) کەبـۆی بڕواوەتـەوە بەگوێـرەی بڕيـاری ئـەم دادگايـە بەژمـارە (٦٩/ش/٢٠١٧) لـە (٢٠١٧/٧/١٢) وەلەبـەرى ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت نادیـارە بەگوێـرەی زانیـاری ئەنجومەنـی شـارەوانی کۆیـە، وەروونکردنـەوەی ئاگادارکـەرەوەی دادی لـەم دادگايـە، وەپشـت بەسـتن بەمـادەی(٢١) لەياسـای دادبينـی دادگا بڕيارييـدا ئاگادرتـان بکاتـەوە بەناوەرۆکـی ئـەم بڕيـارە لەرێـگای بلّاوکردنـەوەی ئـەم ئاگانامەيـە لـە دوو رۆژنامـەی ناوخـۆی رۆژانـە وەتـۆش مافـی تانـەی نارەزايـی و پێداچوونـەوە (الاعـتراض والتمييـز)ت هەيـە لەمـاوەی (١٠)دە رۆژ لـەدوای بـلّاو بوونـەوەی ئـەم ئاگانامەيـە بـە پێچەوانـەوە پلـەی کۆتايـی وەردەگرێـت.

دادەر/ شوان صابر اسعد

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك

ژمارە / ٢٢

ڕێکەوت / ٢٨ / ١٠ / ٢٠١٩

ئاگادارى

بەپێـی ئـەو داوايـەی کەلەلايـەن داواکار پشـکەش بـەم فەرمانگەيـە کـراوە بـە نـاوی (دیـار امیـد محمدامیـن) داواکارە بـە تۆمـار کردنـی ئامێرەکانـی کۆمپانيـای (النجمـه الوطنيـه) بـۆ دروسـت کردنـی بـۆری پلاسـتيکی ئـاو و ئـاوەڕۆ کـە لـە (کـەلار / رزگاری) دانـراون و ئامێـرەکان لـە خـوارەوە دیـاری کـراوە بەپێـی ياسـای دادنـووس ژمـارە (٣٣) لەسـاڵی (١٩٩٨) بـلّاوی دەکەينـەوە هەرکەسـێ خـۆی بـە پەيوەنديـدار يـان خاوەنـی هەريـەك لـەم ئامێرانـە دادەنـێ لەماوەی (١٥) پانـزە ڕۆژدا سـەردانی ئـەم فەرمانگەيـە بـکات بـە پێچەوانـەوە بەنـاوی داواکارەوە تۆمـار دەکرێـت و بڕوانامـەی پـێ دەدرێـت.

ناوی ئامێر / ژمارەی ئامێر / دروستکراو

/ مۆدێل / توانای کارەبایی /

١- هێڵـی بەرهـەم هێنانـی بـۆری ئاوەڕۆبـە تيـرەی (١م) / Sg-١٨٠٩-٢٠٠ / صينـی / ٢٠١٩ / ١١٥ ئـە سـپ /

٢- هێڵـی بەرهـەم هێنانـی بـۆری ئـاو بـە (١١٠-٤٠٠ملـم) / sg- ١٩٠٢-٤١ / صينـی / ٢٠١٩ ٧٥ ئەسـپ

٣- هێڵـی بەرهـەم هێنانـی بـۆری ئـاوە ڕۆ بـە (١١٠-٤٠٠ملـم) / نيەتـی / صينـی / ٢٠١٩ / ٧٥ ئەسـپ

سیامندمحمدصالح/ دادنووسی یەکەمی کەلار

٢٨ / ١٠ / ٢٠١٩

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی

شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ٢١٣٩

ڕیکەوت : ١٧/ ١٠/ ٢٠١٩

ئاگاداری

سـەرۆکایەتی شـارەوانی رزگاری ئـاگاداری هەمـوو ئـەو هاوڵاتيانـە دەکاتـەوە کـە سـاڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەويـان لەناحيـەی رزگاری،(صمود) وەرگرتـووە کـە هاوڵاتـی (خـاور يـاور حمەجـان) خاوەنـی زەوی ژمـارە هەوائـی (٩٢٦٠) داوای رێـگا پێدانـی کـردوە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی خانـوو ، هـەر هاوڵاتيـەك گلدانـەوەی لەسـەر ئـەو پارچـە زەويـيە هەيـە لەمـاوەی (٣٠) رۆژدا لەپـاش بـلّاو کردنـەوەی ئـەم ئاگاداريـە ئـاگاداری سـەرۆکايەتی شـارەوانيان بکاتـەوە بـە پێچەوانـەوە شـارەوانيان کاری ياسـايی بۆنـاوبـراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٧٧٢٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٢

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم ڕێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانيـای (Deger) بـۆ (بازرگانـی گشـتی/ سـنووردار) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـاددەی ١٧٧ لەياسـای تۆمارکردنـی کۆمپانيـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.

مـن تۆمـارکاری کۆمپانيـاکان بريارمـدا بـە سرينـەوەی نـاوی کۆمپانيـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بريـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەياسـای تۆمارکردنـی کۆمپانيـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

DNO
EST - 1971

Job Title	Admin Assistant
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Key responsibilities:

•Coordinate Visa, Residency Permit, and Staff security (Asaysh Clearance) for DNO Personnel;
•Coordinate office activities and operations to secure efficiency and compliance to company policies;
•Document Controlling;
•Translation incoming and outgoing correspondent letters (English and Kurdish) ;
•Any other requirements by the Company.

Required Qualifications & Experience:

•BSc in English / Business or related field.
•Strong Computer Skill (Word, Excel and Outlook)
•Advanced Communication and Language Skills, Kurdish and English are Must, Arabic is a plus (verbal and written).
•Demonstrable working knowledge & experience in Administration related activities;

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior HSE Manager
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Senior HSE Manager will lead an integrated HSE team that supports the organization in pursuit of achieving compliance with DNO HSSE Policy and Standards as well as Kurdistan legislative requirements. Working with a variety of internal clients/risk owners to identify and mitigate HSE risks in DNO projects and assets. The manager also provides guidance and mentorship to individuals in the organization including the HSE team.

Required Qualifications & Experience:
•Graduate of technically relevant subject (diplomas will not be considered)
•Minimum of 20 years' experience in the oil and gas/petrochemical industry with an HSE focus
•Minimum 10 years in a senior HSE Management role in an oil and gas operating environment

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢٢٢٩
ریکەوت : ٢٧/ ١٠/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (محسە حمە امین قادر) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٠٣٢٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیمان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیمان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢١٠٩
ریکەوت : ١٥/ ١٠/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عزیز عثمان محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٦١٢٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیمان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیمان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٧٤٩/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٨/ ١٠/ ٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (احمد فوزی اسماعیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (رشا نشات عبدالرزاق) داوای ژمارە ٧٤٩/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارە کانی گەرەکی زاگروس و سەرکەوتن/ بنصلاوە) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٩ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
دادگەها بەرایی/ زاخو
ژمارە/ ٣٥٩/ب/٢٠١٩
ریکەوت/ ٢٧/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بو داوالێکراو (زاهدة نعمت شاهین)
جهێ ئاکنجیبوونا تە یا بەرێ زاخو – چار
چرا جهێ ئاکنجیبوونا نوکە نەدیارە
داواکار (سالم خلف سیسو) داوا ژمارە (٣٥٩/ب/٢٠١٩) ل سەر تە تۆمارکریە وتێدا داخازا مولک کرنا ئاقارێ ژمارە ٤/٢٧٢ کەرتێ ١١ اشکفت مارا) دکت وژبەر کو جهێ ئاکنجییینا تە نەدیارە لدیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن دەلال یا ژمارە (٥٠٣٠) ل ریکەفتی ٢٠١٩/١٠/١٧ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخێ چار چرا، و ژبەر نەدیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕۆژا ٢٠١٩/١٠/٢٤ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخویی و ڕۆژانەدا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تەیێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینێ ریکەفتی ٢٠١٩/١١/٧ ل دەمژمێر ٩:٣٠ێ سپێدێ و بەرۆفاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشملە ئێتە ئەنجام دان..
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
***
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانی
یا پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە:٣١/٣٠٠/١/١
میژوو: ٢٧/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولیکێن دەولەتێ ژمارە (٣٢) یاسالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زیدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (گورەپانا غازێ) ل سەر پارچە ئەردێ ژمارە (٣٦٤٨/١) کەرتێ (١١) سێمێلێ ب روویەرێ ٥٤٩,٦٢م٢ بو ماوێ (٢) دوو سالا هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زیدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کوکیمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانییا سێمێلێ بکەت د ماوێ (٣٠)سیە روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دروژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زیدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانییا سێمێلێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ, و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت دی کەڤنە ستوی وی.
ئەندازیار / خالد سلیمان یاسین
هـ. ڕێڤەبەرێ گشتی
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە: ١٦٢٢/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی: ٢١/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (قیدار صالح محمد عبدالهادی)
ڤێ دادگەهێ بریاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٤٢٨/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٦٢٢/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا سرهلدان ب ژمارە (٢٠١٩/٣٣) تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ریکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن نافخویی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا نافهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆفاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.
دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٦٠٤/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٣/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ محمد عبدالله یوسف
دەمێ تو تومەتبار د کێشا ژمارە ٢٦/ اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها سێمێل یا بەرهنگاربوونا تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لدیڤ بەندێ (٧ ژ یاسا تۆندوتیژی دژی خێزانی) ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن نافخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٢/١٥ بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە (غیابی) لدیڤ یاسایی.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ٤٩٩/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ١٧/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (فرات محمد احمد) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ٦ شەش هەیڤا لدیڤ بەندێ ٢ ژ یاسا ژمارە ٦ یا سالا ٢٠٠٨ و ژبەر نەنیاسا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییا بۆ دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٧١٥/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت: ٢٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (عباس محمد ابراهیم)
داواکار (نادر درباس عبدالرحمن) داوای ژمارە (٧١٥/ب/٢٠١٩/٢) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و تیایدا داوا دەکات بە گەرانەوەی بری پارەی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عیراقی لە کۆی ئەو قەرزەی لاتانە بەبری (٢٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەدو هەشتا ملیۆن دیناری عیراقی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری (پارێزگاری هەولێر/ موختاری قەزای خەبات/ گەرەکی ئاشتی) لە ٢٠١٩/١٠/١ بڕیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ٢٠١٩/١٢/٤ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادوەر/ سرکوت طه رسول
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٠٤٠/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ڤیان حسیب اسماعیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (جواد عبدالله سلیمان) داوای ژمارە (٤٠٤٠/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق الطلاق خارجی) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ژیان) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ریگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/٢٦, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٦٣٥/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دلشاد بهاءالدین قادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (هەلالە یحیی خضر) داوای ژمارە (٤٦٣٥/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقە) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی سەربەستی) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/٢٦, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٥٩٨/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت: ٢٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (ڕێبین) سەرەڕای کارەکەی) داواکار (وهبی طاهر صالح) داوای ژمارە (٥٩٨/ب/٢٠١٩/٢) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و تیایدا داوا دەکات بە پوچەڵکردنەوەی کۆمپیالەی ڕێککراو بۆتان لە ٢٠١٧/١٠/١ بەبری (١٢٥,٠٠٠,٠٠٠) سەدو بیست و پێنج ملیۆن دیناری عیراقی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری (پارێزگاری هەولێر/ سەربەستی و ڕویال تاوەر) لە ٢٠١٩/٤/١٦ بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ٢٠١٩/١١/١٤ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادوەر/ سرکوت طه رسول
***
دادگای بەرایی دهوك
ژمارە/ ٢٧٦/ب/٢٠١٠
٢/داننانا دەستەسەریێ /٢٠١١
ڕێکەفت/٢٩/١٠/٢٠١٨
سەروکاتیا دادگەها تێهەلچوونا ناژجا دهوکێ
دادگەها بەراهیا دهوکێ ب سالۆخەتێ خو یێ جێ بەجیکرنێ
ژمارە ٢٧٦/ب/٢٠١٠
٢/داننانا دەستەسەریێ/٢٠١٠
راگەهاندن
لدویف بریارا دەرکەفتی ژ دادگەها بەراهیا دهوکێ یا ژمارە ٢٧٦/ب/٢٠١٠ ریکەفتی ٢٠١٠/١١/٢١ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەڤپشکیێ ل سەر خانووبەرێ ژمارە(٤/٥) کەرتێ ٨٠ دهوکا روژ هەلات لدویف سالوخەتێن ل خوارێ دیارکری ئەڤ دادگەهە ل سەر ئیك زێدەکرنا ناشکرا رادگەهینیت بو فروتنا پارچە زەڤیا ناڤبری بو ماوێ سیە ڕۆژا ژ ڕۆژا پشتی دویاهیك بەلاڤکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل ڕوژا سیهێ ل دەمژمێر (١٢) نیڤرو ودگەل دا هەبیت دلنیابیا یاسایی ب ڕێژا ١٠٪ ژ بهایێ(٣٢٠٠٠٠٠٠) سی سەد وبیست ملیون دیناری عیراقی ئەگەر نە هەڤپشك بیت وبۆ زانین دانا مەزاختیا وکریا ڕێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر ڕۆژا دویاهیێ کەفتە بێهنڤەدانێ دێ ژڤانێ سەر ئیك زێدەکرنێ بیتە ڕۆژا ئێکێ یا کاری
سالوخەت : خانووبەرێ ژمارە (٤/٥) کەرتێ ٨٠ دهوکا روژ هەلات ڕۆژهەری وی (٣١٣,٥٣) م٢ پارچە زەڤیی پیك هاتیە ژ (ستوینین ئاسنی وبان توتیایە) لە شوینیکی بازرگانیە لە تاخی زوزان نیزیك قەپانین هشك ل سەر جادا سەرەکی ئەوا دجیت بو بەروشکی وبەری وی لسەر دوو جادا باکور لسەر جادا (٨) م وباشوور ل سەر جادا (٢٠)م وخزمەت گوزاری بێت هەین ل دەڤەرێ وەك ئاڤ وکارەب وجادە
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
***
دادگای بەرایی دهشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ١٤٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٩/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (عمر عولا برایم- بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای بەردە لوس سەرەڕای کارەکەی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ایوب عمر اسماعیل) بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی نوسینگەی ئەشکەوت سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (١٤٨/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای ٣٩٠٧٨٠ سێ سەدو نۆوەد هەزار و حەوت سەدو هەشتا دولار) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کوێستان بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت رابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوون خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١١/٢٥) کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا
***

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior Supply Chain Analyst
Work Location	Erbil Office

Additional Details and requirements

Key responsibilities:

- Working across the complete end to end supply chain to drive in efficiencies, working alongside the operational teams/functions to diagnose root causes, extract insights, troubleshoot and optimize the processes and value for the customer;
- Defining and monitoring supply chain performance, identifying key customer relevant parameters, continuous improvement opportunities;
- Propose new Key Performance Indicators to better monitoring Supply Chain Operations;
- Analyses of complex situations with proposed improvements / solutions and understanding the Key Performance Indicators (KPIs);
- Work with projects on an integrated planning model to ensure realistic completion dates, reflecting market conditions;
- Run / lead root cause analysis and define together with the different operational functions mitigation / improvement actions and follow them up until sustainable implementation;
- Introduce category management & benchmarking for key materials and services;
- Liaise and work with other parts of supply chain organization to implement the adequate measures to improve operations and hence customer satisfaction;
- Launch, track and follow up improvement projects / actions;

Required Qualifications & Experience:

- Relevant degree or equivalent in e.g. Supply Chain Management, Finance, or other relevant degree; 15+ years relevant experience;
- Demonstrable experience in financial analysis (preferably within an International Upstream Oil & Gas organization);
- Skills level of International Governance processes;
- Awareness of Best Practices in Supply Chain or equivalent analyses;

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Senior Mechanical QC Inspector
Work Location	Field

Additional Details and requirements

Job Summary:
To provide supervision of QC Inspectors ensuring continuous surveillance inspection of construction and fabrication activities as deemed fit for the success of the project in accordance with the Project Quality Requirements. To improve the effectiveness and performance of Client and Contractor quality control system and continuous improvement using the quality plans Inspection and test plans, quality standards, quality procedures, and work instructions.

Required Qualifications & Experience:

•10 yrs relevant experience in similar roles with Applicable qualification(s)
•Previous experience in Kurdistan or similar region and with fast track Project delivery.
Supervision of Inspection teams.


Key Competencies:

Preferred Higher Education (Technical) with either CSWIP, ASNT welding and NDT qualifications must be conversant with welding and NDE techniques with ability to interpret results of NDE with extensive experience in QA/QC welding inspection, including work experience in engineering projects. Must have a good working knowledge of ISO 9001 and previous experience of inspection, fabrication and construction. Good experience with contractors and suppliers, those involved in the engineering and construction of onshore facilities. Be proficient in Microsoft Office application, including: Word, Excel and PowerPoint.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

سەرۆکی چیلی داوای لێبوردنی لە گەلەکەی کرد



سەرۆکی چیلی، سیباستیان پینێرا: "راستە سااڵنێکە کێشەکان کەڵەکەبوون و حکوومەتە جۆراوجۆرەکان بە ئێمەشەوە نەمانتوانیوە دەرک بە گەورەیی ئەو رەوشە بکەین. دانی پێدادەنێم کە لەو بارەیەوە نەمانتوانیوە دووربین بین، لەبەرئەوە داوای لێبوردن دەکەم".

سەرۆکی چیلی، سیباستیان پینێرا ئاماژەی بەوە کرد کە دەرکی بە گەورەیی ئەو کێشانە نەکردووە کە لە وڵاتەکەیدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و رایگەیاند "دانی پێدادەنێم کە لەو بارەیەوە نەمانتوانیوە دووربین بین، لەبەرئەوە داوای لێبوردن دەکەم".لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کە لە کۆشکی سەرۆکایەتی دەوڵەت لا مۆنیدا سازیکرد، پینێرا باسی لەوە کرد کە داواکارییەکانی گەلی لەبەرچاوگرتووە و زنجیرە پلانێکی هاوکاری ئابووریی جێبەجێ دەکەن.سەرۆکی چیلی داوای هێوربوونەوەی کرد و گوتی: "ئەو پەیامەی چیلییەکان ویستیان بە ئێمەی بدەن لە بەرامبەر پێداویستیە شەرعییەکانی گەل و داواکاریە کۆمەڵایەتییەکان بە دڵێکی فراوان و بە شێوەیەکی روون وەرمانگرت. راستە ساڵانێکە کێشەکان کەڵەکەبوون و حکوومەتە جۆراوجۆرەکان بە ئێمەشەوە نەمانتوانیوە دەرک بە گەورەیی ئەو رەوشە بکەین. دانی پێدادەنێم کە لەو بارەیەوە نەمانتوانیوە دووربین بین، لەبەرئەوە داوای لێبوردن دەکەم".پینێرا پاکێچی هاوکاری ئابووریی بەناوی "رۆژهەڵاتی کۆمەڵایەتی" راگەیاند کە لە 10 ماددەی سەرەکی پێکهاتووە و دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و پارتەکانی دەسەڵات بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان ئامادەکرا.لە پاکێچەی

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/10/30 ژمارە (5860)

پرۆفایل



ڕێکخراوی ئینتەرپول ... ICPO

ئا : هەندرێن شێرزاد



پێناسە :
ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە و ساڵی 1914دەستی بە کارەکانی کردووە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بۆتە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە دانی پێدانراوە . ژمارەی ئەندامانی 190کەسە و خاوەنی داموەدزگای تایبەت و نوسینگەی هەرێمیە ، هەوڵی پێشکەشکردنی پشتگیری بە دەزگاکانی پۆلیس دەدات لە سەرتاسەری جیهان و زانیاریان پێ دەبەخشێ و بە مەبەستی ڕاوەدوونانی تاوانبارانیش مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکات .

دامەزران :
- ناوی فەرمی ئەم ڕێکخراوە (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوان) و بە ئینتەرپۆلیش ناسراوە ، ناوی فەرمی بە کورتی ICPOیە .
- یەکەم کۆنگرەی پۆلیسی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1914لە شاری مۆناکۆی فەرەنسا ئەنجام دراوە، لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی بەرچاوی پۆلیس و ئەفسەر و یاساناس و داوەری 24 وڵات بەیەک گەیشتن و باسیان لە ڕێوشوێنەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردن و تۆمارکردنی تۆماری تایبەت بە تاوانبارە نێودەوڵەتیەکان و چۆنیەتی ڕادەستکردنیان کرد .
- ساڵی 1923و لەسەر پێشنیازی یوهانز شوپەری سەرۆکی پۆلیسی ڤیەنا ، لیژنەی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوان دامەزرا و شاری ڤیەناش کرا بە بارەگای ئەو ڕێکخراوە.
- ساڵی 1930دەست بە دامەزراندنی نووسینگە و بەشی تایبەت بە بەدواداچوونی کەیسە گەورەکانی وەک ساختەکردنی پاسپۆرت و درا و ئەرشیڤکردنی تۆماری تاوانەکان کرا .
- ساڵی 1932ئۆسکار دریسلەر بوو بە یەکەم ئەمیندارای گشتی ئەم ڕێکخراوە و دوو ساڵ دواتر تۆڕێکی پەیوەندی نێودەوڵەتی تایبەت دامەزرێنرا .
- ساڵی 1938لەلایەن نازیەکانەوە کۆنترۆل کرا و بەشداری و چالاکی وڵاتان تیایدا ئیفلیج بوو ، ساڵی 1942بارەگاکەی گوێزرایەوە بۆ بەرلین .
- لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان ، بەڵجیکا هەوڵێکی زۆری خستەگەر بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئەم ڕێکخراوە و بارەگای سەرەکی برایە پاریس .
- ساڵی 1956ناوی ڕێکخراوەکە کرا بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پۆلیسی تاوان.
- ساڵی 1971تەوە یەکگرتوەکان وەک ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی دانی پێدانا .
ساڵی 1989بارەگاکەی گوێزرایەوە بۆ شاری لیۆنی فەرەنسی .
- ئەم ڕێکخراوە لە کارەکانیدا زمانەکانی ئسپانی و ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی بەکار دێنێ .

ئامانجەکان
ڕێکخراوی ئینتەرپۆل هەوڵی هێنانەدی جیهانێک دەدات کە تیایدا یاسا سەروەر بێت ، ئەمەش لە ڕێگەی بوونی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم دەزگاکانی پۆلیس لە جیهاندا ، لەو پێناوەشدا ئینتەرپۆل ئامادەیی خۆی پیشاندەداوە بۆ پشتگیریکردنی ئەم دەزگایانە بۆ ئەوەی بتوانن وەک پێویست ئەرک و کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن ، هاوکات خولی تایبەت بە مەشق و ڕاهێنان بۆ ئەفسەر و لێکۆڵەران ئەنجام دەدات ، ئەمە وێڕای دابینکردن و ئالوگۆڕکردنی زانیاری و داتای پێویست لە ڕێگەی کەناڵی تایبەت ، بە مەبەستی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی کردەوەی جۆراوجۆر و دەستگیرکردنی زۆرترین ژمارەی تاوانباران .

ئەندامێتی:
ئێستا ئینتەرپول خاوەنی 194ئەندامە ، بەمەش ئەم ڕێکخراوە گەورەترین ڕێکخراوی پۆلیسیە لە سەرتاسەری جیهان و خاوەنی 7نوسینگەی هەرێمیشە ، جگە لەوانە نوسینگەیەکی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرک و یەکێکیشی لەلای یەکێتی ئەورووپا لە بڕۆکسل هەیە . لە هەر وڵاتێکی ئەندامیش نوسینگەیەکی نیشتمانی هەیە کە ئەوڵەویەت و ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە دەستنیشان دەکەن .

پێکهاتە :
ئینتەرپول خاوەنی ئەنجومەنێکی گشتیە کە چەندین نوێنەر دەگرێتە خۆی و لەلایەن ئەندامانەوە دامەزرێنراون ، هەر ئەم ئەنجومەنە دەستەی ئیداری بالای ڕێکخراوەکەیە و سالانە بە مەبەستی دەرکردنی بڕیاری پەیوەست بە سیاسەتی گشتی داهاتی پێویست و شێوازی کارکردن و کاروباری دارایی کۆدەبێتەوە . ئەنجومەنی گشتی ئەندامانی لیژنەی تەنفیزی ڕێکخراوەکەش هەڵدەبژێرێ و بە زۆرینەی دەنگیش بڕیار دەدات و هەر وڵاتێک نوێنەرێکی لە ئەنجومەنەکەدا هەیە .
لیژنەی تەنفیزیش (کە خاوەنی 13ئەندامە و لەلایەن ئەنجومەنی گشتیەوە هەڵدەبژێردرێن) لە ساڵێکدا سێ جار کۆدەبێتەوە و سیاسەت و ئاراستەکانی ڕێکخراوەکە دەستنیشان دەکات ،



مانشێت



سکای نیوز:
بڕیار وایە ڕۆژی پێنج شەمە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا یەکەم دانیشتن سەبارەت بە دەنگدان بۆ دوورخستنەوەی ترەمپ لە دەسەڵات ئەنجام بدات .



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
لە نزیک مزگەوتێک لە شاری بایۆنی باشووری فەرەنسا کەسێک تەقەی کرد و دوو کەسی بەتەمەنی بە سەختی بریندار کرد ، دواتر پۆلیس تەقەکەرەکەی دەستگیر کرد .



ئیلاف :
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.6پلە لە دوورگەی میناناوی فلپین ڕوویدا و شارەزایان ئەگەری ڕووداتی تسۆنامیان بەدوور زانی .



ئەی ئێف پی:
ئەنجومەنی وعمومی بەریتانی پێشنیازی جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی ڕەتکردەوە سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە .



ئەلعەرەبیە:
وەزیری خەزێنەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ .



کەنالی ئار تی :
سوپای ئیسرائیل تەرمی سەربازێکی تەمەن 20ساڵی دۆزیەوە کە ڕۆژێک پێشتر دیار نەمابوو ، لەو بارەشەوە دەست بە لێکۆڵینەوە کرا .

ئەنادۆڵ :
ئەمیندارێتی گشتی ئینتەرپۆل خاوەنی 7 نوسینگەی هەرێمییە لە : ئەرژەنتین (بۆینس ئایرس) .
کامیرۆن (یاوندی) .
کۆت دیڤوار (ئەبیدجان) .
سلڤادۆر (سان سلڤادۆر) .
کینیا (نایروبی) .
تایلاند (بانکۆک) .
زمبابوێ (هراری) .
هەروەها دوو نووسینگەی هەیە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکێتی ئەورووپا .

چەند داواکراوێک :
- ئیل چابۆ : لە تەموزی 2015ەوە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی سڕکەر داواکراوە و لە ساڵی 2016لە مەکسیک دەستگیر کرا .
- جاک وارنەر ، سەرۆکی پێشووی فیفا لە ساڵی 2015ەوە خۆی پێنج ئەندامی دیکەی ئەو ڕێکخراوە بە تۆمەتی گەندەڵی داواکراون .
- ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچی سەرۆکی لەسەرکارلادراوی ئۆکرانیا ، لە ساڵی 2015ەوە بە تۆمەتی گەندەڵی داواکراوە .
- سامانسا لوسویت : لە ساڵی 2013ەوە بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی لە کینیا داواکراوە .
- ساعدی قەزافی ، کوڕی معەمەر قەزافی : لە ساڵی 2011ەوە بە تۆمەتی دەستگرتن بەسەر مال و مولک داواکراوە .
- جولیان ئاسانجی دامەزرێنەری مالپەڕی ویکیلیکس : لە ساڵی 2010ەوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی دەستدرێژیی سێکسی لە سوید تۆمەتبارە.
- جۆزیف کونی : سەرۆکی سوپای ئەلرەب : لە 2006 ەوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ داواکراوە .
- ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی ئیستای ڕێکخراوی قاعیدە : لە ساڵی 2001ەوە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ بن لادن داواکراوە .

گەشتوگوزاری کشتوکاڵی چییە و چۆن لە کوردستان گەشەی پێبدەین؟

نادر روستی

هەر وەڵاتێک بە پێی پێکهاتە بنەماکانی سروشتی و مرۆیی دەتوانێ کار لەسەر جۆرەکانی گەشتیاری بکات، دەکرێ 10جۆر بێت و دەکرێ 20جۆر یان زیاتر بەکار بخرێن یان سوودیان لێوەربگیرێ، جۆرەکانی گەشتیاری زۆرن، گەشتوگوزاری کشتوکاڵی یەکێکە لە جۆرەکان.

گەشتوگوزاری کشتوکاڵی هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی یان لە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی یان لە ناو رەزوباخی گوندێک دەکرێن و بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و چالاکی جوتیاران دەبنە مایەی راکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ سەردان کردنیان و مانەوە لە کێڵگەکە بۆ ماوەیەک و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن بە راستەوخۆ لە بەرهەمەکان و وەرگرتنی زانیاری لەسەر ژیانی جوتیاری و ئەزموونی کشتوکاڵی.

چۆن پەرە بەم جۆرەی گەشتوگوزار دەدرێ؟

لە هەرێمی کوردستان رەز و باخی زۆر هەیە، هەندێکیان بەرهەمیان نایاب و جۆراوجۆرە، خاوەنەکانیان شارەزایی زۆریان هەیە و خاوەن ئەزموونن، هەندێک کێڵگەی کشتوکاڵیش بەهەمان شێوە پەیرەوی و نایابن، دەکرێ زانیاری لەسەر ئەم شوێنانە کۆبکرێتەوە و لە وۆرکشۆپێک یان لە چالاکیەک زانیاری تەواو لەسەر شێواز و سوودە زۆرەکانی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی بۆ بخرێتەروو، بە تایبەت لەسەر میکانیزمی راکێشان و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیار و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە گەشتیار بۆیان بخرێتەروو.

چی پێویستە بۆ راکێشانی گەشتیار یان هاوڵاتیان؟

- چەند شوێنێک لە رەزوباخی گوندەکان بۆ ئەم جۆرە چالاکیە دیار بکرێ، یان چەند کێڵگەیەک لە نزیک شارەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ خاوەنەکانیان دیار بکرێ.

* بەرهەمەکان نایاب بن و جۆری سەرنج راکێشیان هەبێت.
* رابەر و کەسی شارەزا هەبێت بۆ پێدانی زانیاری بە میوان و گەشتیار.
* شوێنی گەڕان و پشوودان و بەکارهێنانی بەرهەمەکان بەشێوازی راستەخۆ هەبێت.
* شوێنی پشودان و مانەوەی شەوان هەبێت و رێگە بدرێ گەشتیار وەک جوتیار ئەزموون بکات و تێکەڵی ژیانی سروشتی جوتیاری ببێت و هەندێک چالاکی ئەنجام بدات.
* شوێنی فرۆشتنی بەرهەم بۆ بردن هەبێ و لە ناو سەلە یان لە زەمبیل یان کەلوپەلی دەستکرد بکرێن و بدرێن بە میوان و گەشتیار.
* بەبازارکردنی لە ناستی ناوخۆ و دەرەوە بە سەرجەم هۆکارەکانی راگەیاندنی بۆ بکرێت.
* دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەرێوەبەرایەتیەکان لە رێکخستن و بەبازاڕکردن و هێنانی گەشتیار هاوکار بن.

سوودەکانی گەشتوگوزاری کشتوکاڵی

* ساغکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە رێگەی گەشتیاران بە راستەوخۆ بەبێ بردنی بۆ بازاڕ.
* بوژانەوەی رەزوباخەکان بەهۆی پەیدابوونی رەواج و گرنگی پێدانیان لە لایەن گەشتیاران
* دروست بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان شارنشین و گوندنشین و جوتیاران.
* کەمبوونەوەی کۆچ لە لادێوە بۆ شارەکان.
* رەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ گوندنشین و جوتیاران.
* بەرزکردنەوەی کوالیتی بەرهەمی رەزوباخ و کێڵگەکان
* هۆکار و هاندەرێکە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری زیاتر و باشتر بۆ گوندەکان لە لایەن حکومەتەوە.
* شوێنی نوێ و ژینگەی نوێ بۆ پشوودانی گەشتیار و هاوڵاتیان دەدۆزرێتەوە کە چێژو سوودی جیاوازتر لە شوێنەکانی دیکە.


چەند نموونەیەک لە گەشتوگوزاری وڵاتان لەکاتی سەردانی گەشتیاراند

کێشەی زەوی پڕۆژەکانی گەشتیاری لە ناوچە شاخاویەکان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و بۆتە کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی گەشتوگوزار



زەوی ئەو شوێنەیە بەر لە هەموو بابەتێکی دیکە بۆ هەرچالاکی و پرۆژەیەک ئامادە دەکرێ، بۆیە پێویستە لە دەست پێکی هەر پرۆژەیەک کێشەی مولکداری زەوی یەکلای بکرێتەوە و چارەسەر بکرێ و تەرخان بکرێ بۆ ئەو پرۆژەی کە بڕیارە لەسەری دروست بکرێ. هەموو پرۆژەیەکی گەشتیاریش بە هەمان شێوە پێویستە بە هەمان فلتەر تێببەڕێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت، بەڵام بەشێک لە پرۆژەکان بەدەر لەم رێوشوێنە کاریان بۆ کراوە و بۆ خۆیان بۆ گەشتوگوزار بوونەتە کێشە.

لە دەرەوەی سەنتەری شارە گەورەکان بە تایبەت ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستان زەویەکان بۆ بەشی زۆری هاوڵاتیان یەکلای نەکراونتەوە و تاپۆیان نییە، سەدان سالە زەویەکانیان دەکێڵن و بەکاردەهێنن بەڵام لەرووی یاسایەوە خاوەنی زەوی خۆیان نین و هیچ سەندەو و نووسراوێکیان نییە کە بەڵگە بێت لە خاوەندارێتی زەویەکانیان، بەشێک لەم زەویانە و بەشێک لە باخەکان لەم چەند سالە کراونەتە پرۆژەی گەشتیاری بە تایبەت پرۆژەی مۆتێل یان پرۆژەی کەپری گەشتیاری، پرۆژەکان بوونەتە ئەمری واقیع و هەندێکیان چەند سالێکە کار دەکەن و پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن. ئەوەی بۆتە کێشە بۆ پرۆژەکە نەبوونی مۆڵەتی گەشتیارییە، نەبوونی مۆڵەتیش بۆ هەرشوێنێک و پرۆژەیەک بە زیادەڕۆ و سەرپێچی کار ئەژمار دەکرێ، کە مۆڵەتیشیان نەبێت و وەک سەرپێچی کار بن ئەوە بەدەردەبن لە باج دان و بەدەردەبن لە رسومات لێوەرگرتن، هەروەها بەدەردەبن لە پۆلێن و چاودێری و رێکخستنی گەشتیاری، زۆرجاریش بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ ئەزموونی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن و زیان بە گەشتیار و بە ناوبانگی کەرتی گەشتیاری دەگەیەنن، هەموو ئەمانە بوونەتە کێشە و کۆسپ لەبەردەم رێکخستن و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری، بوونەتە هۆکار بۆ ئاست نزمی جۆری خزمەتگوزارییەکان، هەندێک جاریش شوێنەکان سەرپێچی دەکەن و هیچ لایەک ناتوانێ سزایان بدات.

پسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە: کێ بەرپرسیارە لە مانەوەی ئەم کێشانە؟ دەسەلاتی کارگێڕی ناوچەکە؟ دەسەلاتی گەشتیاری ناوچەکە؟ یان کێشەکان گەورەن و پێویستیان بە بڕیاری یەکلاکەرەوەی حکومەتە بە تایبەت وەزارەتە پەیوەندارەکان؟ کێشەکە لە هەر لایەک بێت پێویستی بە چارەسەرە، پێویستی بە رێکخستن هەیە.

زەوی ئەم ناوچانە زۆربەیان بە ناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و دارایی، پێویستیان بە گواستنەوەیە بۆسەر دەستەی گشتی گەشتوگوزار، هەندێک لە باخچەکان لەم ناوچانە کە کراونەتە پرۆژەی گەشتیاری رەنگە بە ئاسانی رەگەزیان نەگۆڕدرێ بۆ گەشتیاری، ئەمە کێشیە بۆ ئەو پڕۆژانەی بوونەتە ئەمری واقع. ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە ناکرێ چیتر ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژە بەبێ مۆڵەت کار بکەن، یان بە زیادەڕۆی دروست بکرێن و بەدەربن لە رێنمای گەشتیاری، یان بەردەوام رسومات و باج بە حکومەت نەدەن و حکومەتیش نەتوانێ پێداویستیان جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاریان پێشکەش بکات.

بەرپرسی لاپەڕەی گەشتوگوزار

نەخش و هەڵکۆڵدراوەکانی خنس



ئا: ل. گەشتوگوزار: بە دووری 52کم دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی شاری دهۆک و بە دووریی 13کم دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی شێخان. بە هاوینەهەواری (سەنحاریب)ی پاشای ئاشوورییەکان 705-681) پێش زایینی ناسراوە، لە ناو نیمچە دۆڵێکدا زنجیرە شاخێک دەڕوانێتە سەر ئاوێکی سازگار، شوێنەوارەکانی خنس بەقەدی شاخەکەوە دەروانەسەر ئاوەکە کە لە ژمارەیەک ئەشکەوت و پەیکەر و هەڵکۆڵدراوی سەر شاخ و چەند جۆگەیەک پێک هاتوون، وەک: (6 پەیکەرهەڵکۆڵدراو، پەیکەری گای باڵدار، نووسینی بزماری، پەرستگای ناو ئەشکەت، جۆگەی ئاوی بەردین، جۆنی و فەتیل، هەڵکۆڵدراوی وێنەی مەلیک) . هەڵکۆڵدراوەکان لە شوێنی بەرزن و زۆر بە شێوازی هونەری کاریان تێدا کراوە. شوێنێکی شوێنەواری و سەیرانە و هاوینەهەواری سەنحاریب پاشا بووە. سەرچاوەی ئاوی موسل بووە کە سەنحاریب بە جۆگەی تایبەت ئاوەکەی راکێشا بوو. لە شاخەکەدا چەندان پەیکەر و ئەشکەوتی وەک پەرستگە و نەخشەسازی دیکە هەڵکۆڵدراوە، سالانە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی و گەشتیار سەردانی ئەم شوێنە دەکەن.

ئەم شوێنە بناسە

ئەشکەوتی جاسەنە



ئەشکەوتی جاسەنە بە دووریی 50کم دەکەوێتە رۆژئاوای شاری سلێمانییەوە. دەکەوێتە ناوچەی سووڕداش لەسەر رێگای (سلێمانی - دوکان). جاسانە لە پشتی گوندی (کانی خان) و بە بناری چیایەکی گەورەوەیە. لە رێکەوتی 3/2/1923 هێزەکانی سوپای ئینگلیز بە فڕۆکە هێرشیان کردە سەر شاری سلێمانی، شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان، خۆی بەدەستەوە نەدا و ڕوویکردە سووڕداش و ئەشکەوتی جاسەنەی کردە پەناگە، هەروەها چاپخانەکەی بردووە بۆ ئەشکەوتی جاسانە و لە

28/3/1923یەکەم رۆژنامەی (بانگی حەق)ی بڵاوکردەوە. جاسەنە رێگای قیرپی بۆ بردراوە، ئێستا بۆتە شوێنێکی میژووی و نیشتمانی بۆیە سالانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ بینینی ئەشکەوتی جاسەنە و ئەم یادگاری و میژووە گرنگەی گەلەکەمان سەردانی دەکەن.

ئا: ل. گەشتوگوزار:

ئەگەر لیفاندۆفسکی نەبوایە، ئێستا بایرن لە دواوەی ریزبەندی بۆندسلیگاوە بوو

تاکەی باڤارییەکان پشت بە کاپتنەکەی پۆڵەندا دەبەستن کە تەمەنی گەیشتۆتە 31 ساڵ؟!



هاوار مورتکەیی

یانەی بایرن میونشن بەبێ ڕۆبرت لیڤاندۆفسکی هیرشبەری پۆڵەندی لەوانەیە خۆی لە دواوەی ریزبەندی خولی یانەکانی ئەڵمانیا بگرێت، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە دەمێک بوو نیکۆ کۆڤاچی ڕاهێنەریش لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی باڤاری دوورخرابایەوە.

لیڤاندۆفسکی لەکۆی 24 گۆڵ، 13 گۆڵ بەخۆی بۆ یانەی بایرنی تۆمار کردووە کە ئەمەش ڕۆڵی دیاری هەبووە لەوەی پێشەنگی بۆندسلیگا بگرێتا بە 18 خاڵ، ئەمە بەر لەیارییەکەی دوینێ شەوە، لێرە پرسیارەکە ئەوەیە وادابنێ لیڤاندۆفسکی لەو یانەیە نەبوو؟ ئەوا بایرن میونشن لە هەگبەکەی تەنها 9 خاڵ بوو بەرامبەر 11 گۆڵ کە 11 گۆڵیشی لێکراوە، ئەمە ئەو داتایەیە کە ڕۆژنامەی میوشەر میرکۆس بلاوی کردۆتەوە، ئەمە ڕاستە داتایەکە بەڵام ئاماژەیەکیشە لە سەرهەڵدانی پرسیارێک کە ئاخۆ یانەی باڤاری تاکەی پشت بەو هیرشبەرە پۆڵەندییە دەبەستێت کە تەمەنی گەیشتۆتە 31 ساڵ.

لیڤاندۆفسکی یەکەمین یاریزانە لە میژووی بۆندسلیگادا کە بەدرێژایی 5 ساڵی ڕابردوو، کە لە هەر 9 یاریی یەکەمی یانەکەی توانییێتی لەهەر هەموویان گۆڵی تۆمار کردبێت، لەلایەکی دیکەشە هەر ئەو هێرشبەرە لە سێ یاریی یەکەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا توانیویەتی گۆڵ تۆمار بکات و تەنانەت لە 3 یارییدا 5 گۆڵی تۆمار کردووە. ئێستاش زۆر لەبەردەم ئەو کاپتنەی پۆڵەندایە بۆ ئەوەی ریکۆردی زیاتر تۆمار بکات، کە دیارترینیان پێدەچی ریکۆردی گیرد مۆلەری ئەفسانە کە لەیەک وەرزدا 40 گۆڵی لە بۆندسلیگادا تۆمار کردبوو، هەروەها هەڕەشەش لە مۆلەر دەکات کە ریکۆردێکی دیکەی بشکێنی ئەویش لە 15یاری لەدوای یەکدا توانی بووی لەوەرزی 1969 – 1970 تۆمار بکات.

کچانی خولی ئیسپانی هەڕەشەی مان گرتن دەکەن



یاریزانە ئافرەتەکانی تۆپی پێی ئیسپانیا خۆبۆئەوە ئامادەدەکەن کە مان گرتنێک ئەنجام بدەن کە لە 16ی مانگی داهاتوو دەست پێدەکات و دیاری نەکراوە کەی مان گرتنەکە دەشکێنن، ئەم بڕیارەش لەئەنجامی شکست هێنانی گفتوگۆکانی نێوان یاریزانانی خولی پلە یەکی ئیسپانی لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا. ئێستا 92%ی ئەو یاریزانانە لەگەڵ ئەوەن کە مان گرتن ڕیک بخەن تا ئەوکاتەی یەکێتی ئیسپانی ڕازی دەبێت بەداواکانیانەوە کە بڕیتییە لە زیادکردنی موچەکانیان لە 16هەزار یورۆ وە بۆ 20هەزار یورۆ، ئەم بڕیارەش ڕەنگە یەکێتی ئیسپانی ناچار بکات کە بەدەنگ کچانی خولەکەوە بێن.



as: بێڵ لەسەر ڕۆیشتنە

ڕۆژنامەی as ی ئیسپانی لە چاپی ڕۆژی سێشەممەیدا لەبەرگی یەکەمی وێنەیەکی گاریس بێلی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی بلاوکردۆتەوە و لە ژێرەوەش نوسیویەتی: (بێل لە سەر ڕۆیشتنە)، ئەمە ئامازەیەکە لەوەی کە ئەو یاریزانە زۆر نزیک بۆتەوە لە جیهێشتنی قەڵای سانتاگۆ بێرنابیۆ.

لەکاتێکدا کە ئەو یاریزانی وێڵزبیە چووبووە لەندەن بەمەبەستی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروبارەکەی، لەوالاشەوە یانەی ریال مەدرید ڕێوشوێنی چۆنێتی فرۆشتنی ئەو یاریزانە لە گواستنەوەی زستانەدا دەگرێتەبەر، ئەم ئاستە خراپەی ئەم وەرزەی ڕال مەدرید بیانویەکی داوەتە زێدان کە بەهەرشێوەیەک بێت گاریس بێل لە یانەکەی دوور بخاتەوە.

هاوکار کەڵهوڕی

مانی: هیچ کێشەیەک لە نێوان من و سەڵاح دا نییە



سادیۆ مانێ، ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، وردەکاری ئەو مشتومڕەی لەگەڵ هاوتیپەکەی،محەمەد سەلاح، لە یاری بێرنلی، لە گەڕی چوارەمەی پریمیەرلیگدا ئاشکرا کرد. مانێ، لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی (کەناڵ پەلس) دا ڕایگەیاند:" ئەوەی ڕووی دا، لێکتێنەگەیشتن بوو، من دەمویست یارمەتی تیپەکەم بدەم، ئەگەر چاو بدەینە مانچستەر ستی، دەبینین هەندێجار بە 5 و 6 گۆڵ دەباتەوە، بۆیە گرنگە هەموو دەرفەتێک بقۆزینەوە، بۆ ئەوەی هەر زوو یارییەکە بکوژین، بۆیە من هەراسان بووم". هەروەها وتی:"بەیەکەوە قسەمان کرد و شتەکان ئاسایی بوونەوە، پاشان ڕاهێنەر یۆرگن کلۆپ، بانگی نووسینگەکەی خۆی کردین، قسەمان لەگەڵ ئەویشدا کرد، کلۆپ سەری سوڕما کاتێک زانی، پێش ئەوەی بچینە لای ئەو، کۆتاییمان بە کێشەکە هێناوە". مانێ، وردەکاری مشتومڕەکەی ئاشکرا کرد و وتی:" سەلاح لێی پرسیم، مانێ بۆچی تووڕەی؟ منیش وتم: دەبوو پاس بدەیتە من. ئەویش وتی: تۆم نەبینی، خۆت دەزانی من لەدژی تۆ نیم". پاشان وتی:"دەزانم سەلاح لەدژی من نییە، بەڵام کاردانەوەکەی بەرامبەرم سەیر بوو". وتیشی:"من و سەلاح ماوەیەکی زۆر لەسەر یاریگە بەیەکەوە دەبین، نامە و تەلەفۆن لەگەڵ یەکدی ئالوگۆر دەکەین، هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نییە". مانێ لە کۆتاییدا وتی:" ڤینالدۆم، حەز دەکات بە گاڵتەکردن خەڵکی تووڕە بکات، چاوەڕێی کرد تاکو هەموو یاریزانەکان کۆ بوونەوە، پاشان بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد :"سەلاح، لەبەرچی مانێ دەیەوێت لێت بدات؟"، پاشان هەموو یاریزانەکان دایانە قاقای پێکەنین".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 30. Oct. 2019 No: (5860)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

جوان حاجۆ

پشتگیری لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات



خەبات: هەمزە سەرحان

جوان حاجۆ گۆرانیبێژی بەناوبانگی کوردی لە ڕێگای توێتەرەوە داوای لە هەموو جیهان کرد کە پشتگیری بکەن لە ڕۆژئاوا و دژی هێرشە سەربازیەکەی تورکیا بوەستنەوە کە چەندین تاوانی جەنگی تیا ئەنجام دراوە.لە نامەکەیدا هونەرمەند جوان حاجۆ پەیامی نارد بۆ هونەرمەندەکانی جیهان بۆ ئەوەی لەسەر ڕۆژئاوا بێنە دەنگ وەک ژۆوان بایز و ئێریک کلاپتۆن و ڕۆجێر واتەرز و میتالیکا ئۆزی ئۆسبۆرن و لێد زیپیلین و ئایرۆن مەیدێن و ڕادیۆهێد. داوا لەو هونەرمەندانە دەکات کە بێنە دەنگ و ئەم هێرشانەی تورکیا بە گروپە جیهادیەکان ناو دەبات و دەڵێت بەهەمان شێوەی ئەوان تاوان ئەنجام دەدەن. داوای لێبیان کرد کە دەنگی ڕۆژئاوا بگەیەنن جیهان.جوان حاجۆ دەڵێت "من ئەمرۆ داواتان لێدەکەم نەک وەک هونەرمەندێک بەڵکو وەک هاوڕێیەک و مرۆڤێک. لەمڕۆدا کوردەکان کەوتونەتە بەر هێرشی داگیرکەرانەی تورکیا لە سووریا کە بە هاوپەیمانی لەگەل گروپە جیهادیەکان تورکیا تاوان ئەنجام دەدات بەرامبەر هاوڵاتیانی کوردی ئەو ناوچەیە. کە ئەمانە هیچیان کەمتر نیە لە گروپە چەکدارییەکانی قاعیدە و جینۆسایدە ئەنجام دەدەن بەرامبەر بە خەڵکی مەدەنی لە سووریا. ئێمە ئەم جەنگەمان هەڵنەبژارد بەڵکو سەپێندرا بەسەرماندا کە لە لایەن داعشەوە هێندرا بەسەر هاوڵاتیەکانمان. خەڵکی کورد بەردەوام بووین لە شەڕ کردن بەرامبەر داعش و 10هەزار جەنگاوەر گیانیان بەخت کرد."هەروەها دەڵێت "لە گرژیەکانی سووریا کوردەکان پارێزگاریان کرد لە مەسیحیەکان و یەزیدیەکان و سریانیەکان و عەرەب و کوردەکان. لەکاتێکدا لە سەرانسەری سووریا ئاشتی و ئارامی هەبوو لە 9ی مانگی 10هێزەکانی تورکیا بە پاڵپشتی کردنی هێزە جیهادیەکان هێرشیان کردەوە سەرمان و دەستیان کرد بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی. لەوکاتەوەی کە تورکیا دەستی کردووە بە ئۆپەراسیۆنەکەی لە باکوری سووریا سەدان کەسی بێتاوانی کوشتووە و 300 هەزار کەس ناچار بوون مالەکانیان جێبهێڵن. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تورکیایان تۆمەتبار کرد بەوەی تاوانی جەنگی لە سووریا ئەنجام داوە."دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا کە گەڵۆپی سەوزی هەڵکرد بۆ تورکیا بۆ ئەوەی دەستبکات بە ئۆپەراسیۆنەکەی لە سووریا گرژی و ئاڵۆزیەکانی سووریای بەوە وێنا کرد کە دوو منداڵ لە ناو لمدا شەڕ بکەن. ئەم وەسفکردنە نابەرپرسیارانە و شەرمەزاریانەی ترەمپ پێشێل کردن و بێرێزی کردنە بەرامبەر هەموو ئەوانەی گیانیان بەخت کرد بۆ بەرگری کردن لە دژی تیرۆریستان و داگیرکەران. نزیکەی سالێکە تورکیا بەردەوامە لە جینۆسایدکردنی کوردەکان. لە ئێستاشدا تورکیا بەتەمامە کە پاکتاوی نەتەوەیی کورد بکات لە سووریا و هەوڵ دەدات کە داعشەکان بەهێز بکاتەوە بۆ ئەوەی دژی کوردەکان بەکاریان بهێنێت و کوردەکانیان پێ لەناو بەرێت. "هاوڕێکانم داواتان لێدەکەم کە دەنگتان بەرز بکەنەوە دژی حکومەتی تورکیا کە وەحشیگەرانە کەوتۆتە گیان خەڵکی مەدەنی و بێتاوان. پێکەوە دەتوانین ژیانی ملیۆنان کەس ڕزگار بکەین. ڕێگا مەدەن ئەم جینۆسایدە بەردەوام بێت!."

لە هەموو دونیا ڕۆژنامەنووس تووشی کێشە دەبێت

نالین بەرواری: ڕاگەیاندن لەناو خوێنم دایە بۆیە ناتوانم بە ئاسانی دەستبەرداری ببم

خەبات:سولێمان سلێمان

نالین بەرواری کچە پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسی بە توانا لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت:ناوم نالین محەمەد ناسراوم بە نالین بەرواری لە ساڵی 2006ەوە دەستم بە کاری ڕۆژنامەنوسی کردووە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ،هەروەها لە ساڵی 2011 دەسپێکی کارکردنم وەکو پەیامنێری (nrt) بووە ، دوو ساڵ لەوێ کارم کردووە، دواتر ڕویشتم بۆ کەناڵی (rudaw) لە وێ بۆ ماوەی 6ساڵ بەردەوامیم بە کارەکەم دا، وەک پەیامنێر، ماوەی 6مانگە وازم هێناوە ،گوتیشی کارکردنم لە بواری ڕاگەیاندن یەکەم جار وەک پیشەیەک بوو بۆمن ، بەڵام دواتر کار کردن لە ناو ڕاگەیاندن بو بەحەزێکی تایبەتی من لە و بوارەدا کە بەردەوام بم و کاری جوانتر بکەم ، هەروەها لە هەمان کاتیشدا قوتابی بووم لە کۆلێژی ئاداب لە بەشی ڕاگەیاندن دەمخوێند، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی تەواوی بکەم بەردەوام بم ، لەبەر ئەوەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا وە هەروەها بە هۆی منداڵەکەم ، بۆم ڕێک نەدەکەوت ، وە ئێستاش وەکو



پشتوویەک وەرم گرتوە، ئینشائەڵڵا بەردەوام دەبم ، هەروەک چون 12ساڵی پێ زانیاریم بەڕێ کرد لە بواری ڕاگەیاندن ، ئامانجی بە وەش دا کە وا ئەگەر ڕۆژنامەنووس بەڕاستگۆیی کاری خۆی ئەنجام بدات قەت تووشی گرفت نابێتەوە ،وە لە هەموو جیهانیش ڕۆژنامەنوس تووشی کێشەو گرفت دەبنەوە ، دەڵێن مافمان پارێزراو نییە نەک تەنیا لە کوردستان، ئەوە شتێکە پەیوەندیی بە دەزگاکەیەوە هەیە، بەڕای من کە دەڵێن ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە ، دەبێ بە کردەوەش وابێت ، نەوەک تەنیا قسەیەک بێت وە دەبێت یاساکانی ڕۆژنامەنووسی کارا بکرێن ، ئاشکراشیی کرد و گوتی: وام داناببو کەوا وازبێنم لە کاری ڕاگەیاندن، بەڵام ڕاگەیاندن لەناو خوێنم دایە بۆیە ناتوانم بە ئاسانی دەستبەرداری ببم ، لەوانەیە لە کەناڵێکی تر دەست پێبکەمەوە، بەڵام لە پشت کامێراوە کاربکەم ، وە هیوادارم پەیامی هەر ڕاگەیاندکارێک سوود گەیاندن بێت بۆ کۆمەڵگە نەک تەنیا وەک کار بێت بۆ ئەوەی لە کۆتایی مانگدا داهاتێکی پێ پەیدا بکات.

توانای ئەم پاتریە سێ هێندەی توانای پاتری ئاساییە



هەردەوان:

دوو تۆیۆتەری ئەمەریکی جۆرێکی نوێی باتریان ئاشکراکرد کەماوەیەکی زیاتر کاردەکات و سێ هێندەی باتری لیسیۆم ئایۆن دەمێنێتەوە کەئێستا ئەم جۆرەیان بۆ کۆمپیوتەر و تەبلێت و مۆبایل و لابتۆپ بەکاردێت.

هەردوو تۆیۆتار (جۆن جۆدینف و ماریا هیلینا) توانیان باتریەک پەرە پێ بدەن کەپشت بەشووشەی ڕەق دەبینێت ئەمەش مادەیەکە ئایۆنی ئازادی تێدایە کەدەبێتە ناوەندێت بۆ گواستنەوەی بکرێتەوە و لەپلەی گەرمای کارەبا.لەوبارەیەوە وێبسایتی (پی سی وۆرلد)ی تایبەتمەند لەهەواڵەکانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای زانیاریدا بلاویکردەوە کەزاناکان ئاماژەیان بەوەکردوە کەباتریە نوێیەکە جێی زۆربەی کێشەی باتریەکانی ئێستا دەگرێتەوە و پارێزراوتریشە و زۆرتریش کاردەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بەبارگاویکردنەوە بێت.

تۆیۆتەران ڕایدەگەیەنن کەدەکرێ ئەم باتریە نوێیە بۆ زیاتر لە ١٢٠٠ جار بارگاوی لێ دروست کراوە لەسۆدیۆم دروست کراوە کەئەمەش لەڕووی ژینگەییشەوە بەسوودە.



لە ناو خۆپیشاندانەکانی لوبنان دەرکەوت

ئەلیسا: خەڵک برسیەتی پێویستبوو زووتر چاکسازی بکەن، بەڵام زۆر درەنگە



هەمزە سەرحان:

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا وەک هەر تاکێکی لوبنانی بەشداریی خۆپیشاندانەکانی کردو ئاماژەی بەوەکردووە، خەڵک برسییەتی، بە سەرۆکی لوبنان دەڵێت "ئیتر زۆر درەنگە".ئەلیسا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی سکای ڕایگەیاند" شانازی بە خەڵکی لوبنانەوە دەکات کە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی و ئایینی، تەنها وەک لوبنانی دەستیان کردووە بە خۆپیشاندان لە دژی "برسییەتی"، کە پێی وایە سیاسییەکان هۆکاری ئەوەن". ئەلیسا لە پەیامێکدا بۆ میشال عەون سەرۆک کۆماری لوبنان و سەعد حەریری سەرۆک وەزیرانی لوبنان وتوویەتی "پێش ئەوەی ئەم ڕووداوانە ڕووبدەن پێویستبوو زووتر چاکسازی بکەن، بەڵام ئیتر زۆر درەنگە".ئەلیسا زەکەریا خوریە، لەدایکبووی ساڵی 1971ە، خەڵکی لوبنانە و دایکی خەڵکی سوریایە، بەهۆی دەنگە گۆرانییەکانیەوە نازناوی "شاژنی هەستەکانی" پێ دراوە، چەندین ڤیدیۆ کلیپ و ئەلبومی گۆرانیی بڵاوکردووەتەوە.